گۆڤاری زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
ISSN (Print):2218-0222
ISSN (Online): 2412-396X

Vol.28 Issue4 2024
ID No. 1682 (PP 23-44)
https://doi.org/10.21271/zjhs.28.4.2

توێژینەوە

# بازرگان و پیشەوەرە دیارە کوردەکانی هەرێمی جەزیرە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی/ چواردەهەمی زاینی

محسن مامل محمد/ بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب،زانکۆی سەلاحەددین -هەولێر،هەولێر،هەرێمی کوردستان،عیراق.

## پوختە

لایەنی ئابووری و بابەتە پەیوەندیدارەکانی وەك چالاکی بازرگانی و کاری پیشەوەری کۆڵەگەیەکی گرنگی بنیادنانی دەوڵەت و گەشانەوەو بوژانەوەی ئەو لایەنەش لە هەموو کاتێکدا گوزارشتە لە هاتنە کایەی بارودۆخێکی سەقامگیرو هێمایەکە بۆ پێشکەوتن لە تەواوی کۆمەڵگاکان بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو.

لەم چوارچێوەیەدا هەرێمی جەزیرە یەکێکە لەو هەرێمانەی خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی و جیاوازییە کە جیای دەکاتەوە لە ناوچەکانی دەوروبەری، لە پێشەوەی هەموویان شوێنگەو پێگەی جوگرافی لە نەخشەی ئابووری و چالاکی بازرگانی جیهانی و دەوڵەمەندی بە سەرچاوەو دەرامەتە سروشتی و مرۆییە جۆراوجۆرەکان، هەموو ئەوانەش ڕەنگدانەوەی چاکی هەبووە لەسەر چالاکی کاری بازرگانی و بەدیارکەوتنی چەندان کەسایەتی کوردی کەوا سەرقاڵی کاری بازرگانی بوون، لەپاڵ ئەوەش چەندان پیشەوەری فرەچەشن و جۆراوجۆری وەك (دروستکردنی داو دەرمان، چەك و پێداویستی سەربازی، مەی و گیراوە سەرخۆشکەرەکان، عەتاری، ڕستن و چنین، بەرگدووری، گوڕینەوەی دراو، لەبەرگرتنەوەی کتێب، دروستکردنی ئەستورلاب)، لەگەڵ چەندان پیشەی دیکەش کە لە ڕێگایانەوە خزمەتێکی زۆریان بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی کردووە لە شارستانیەتی ئیسلامی.

CORRESPONDENCE
محسن مامل محمد
muhsin.muhammad@su.edu.krd

وەرگرتن 2024/01/09
پەسندکردن 2024/05/03
بڵاوکردنەوە 2024/08/15

وشە سەرەکییەکان:
بازرگان،
پیشەوەر،
هەرێمی جەزیرە،
چالاکی بازرگانی،
پیشە جۆراو جۆرەکان.

**About the Journal**
ZANCO Journal of Humanity Sciences (ZJHS) is an international, multi-disciplinary, peer-reviewed, double-blind and open-access journal that enhances research in all fields of basic and applied sciences through the publication of high-quality articles that describe significant and novel works; and advance knowledge in a diversity of scientific fields. https://zancojournal.su.edu.krd/index.php/JAHS/about

**پێشەکی**

لێكۆڵینەوەو بەدواداچوون بۆ لایەنی ئابووری و بابەتە پەیوەندیدارەكانی وەك بازرگانی و كاری پیشەوەری یەكێكە لە بـابەتە گرنـگ و پڕ بایەخەكان لە بواری توێژینەوەی مێژوویی، لەبەرئەوەی ئابووری لە زۆربەی كاتـدا كـۆڵەگەیەكی سـەرەكی و بنەرەتـی بنیادنـانی دەوڵەت و نیشانەی پێشكەوتن و بەرقەراربونی ئاسایشە لە زۆربەی كۆمەڵگاكان بە درێژایی سەدەكان.

**گرنگی بابەتەکە** لێكوڵینەوەو بەدواداچوون بۆ لایەنی شارستانی و بابەتە پەیوەندیدارەكانی هەمیشە یەكێكە لە بـابەتە گرنـگ و پـڕ بایەخەكان لە بواری توێژینەوەی مێژوویی، لەبەرئەوەی لە نێو پانتایی لایەنی شارستانی و ژیاریدا ڕووی گەشی مێژووی مرۆڤـایەتی و بەشێكی زۆر لە دەستكەوتەكانی تێدا خراوەتەڕوو، لەم نێوەندەشدا هەرێمی جەزیـرە یەكێكە لەو ناوچـانەی لەبەر گرنگی شـوێنگە جوگرافیەكەی پێگەیەكی دیاری هەبووە لە نەخشەی ئابووری و وێستگەیەكی گرنگ بووە لە چالاكی بازرگانی سـەدەكانی ناوەڕاسـتدا لەگەڵ بوونی سەرچاوەی دەرامەتی جۆراوجۆری كشتوكاڵ و ئاژەڵداری و كانزایی، هەمـوو ئەوانەش ڕەنگـدانەوەی چـاكی هەبـووە لەسەر كرداری بازرگانی و برەودان بە پیشـەوەری و كـاری دەسـتی هەمەجـۆر، هەربـۆیە لێـرەدا گرنگـی و بـایەخی ئەو تـوێژینەوەیە لەوەدایە كەوا دەیەوێت پەردە هەڵماڵێ لەسەر ژینامەی دیـارترین بازرگـان و پیشـەوەرەكانی هەرێمـی جەزیـرە، ئەوانەی لە ڕێگـای كارو چالاكیە جۆراوجۆرەكانیان خزمەتێكی زۆریانكردووە بە گەشەسەندن و برەو پێدانی لایەنی ئابووری لە مێژووی ئیسلام.

هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە

هۆكاری هەڵبژاردنی بابەتەكە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی كەوا بەشێك لە دیڤچوون و كارە زانستیەكانی توێژەران زیـاتر چڕكـراونەتەوە بە گشتی لە بابەتی بازرگانی و ڕێگـا بازرگانیەكـان و پەیوەنـدیە بازرگانیەكـان، كەمـتر پـرژاونەتە سـەر خـودی بازرگـان و پیشـەوەرەكان ئەوانەی كەوا كاركتەری سەرەكین و وەك پێویست پەیان بۆ نەبردراوەو تا ڕادەیەك فەرامۆشكراون، هەربۆیە لێرەدا بابەتی توێژینەوە تەرخانكراوە بۆ (بازرگان و پیشەوەرە دیارەكانی هەرێمی جەزیرە لە سەدەی هەشتەمی كۆچی/ چواردەهەمی زاینـی)، وەك هەوڵێـك بۆ نیشاندانی ڕۆڵ و پێگەیـان لە ڕێگـای بەدواداچـوون و تیشـك خستنەسـەر سەرگوزشـتەی ژیانیـان بەوەی كەوا لە ڕێگـای چـالاكی بازرگانی و كارو پیشەو بەرهەمەكانیـان چەنـدە ڕۆڵ و كاریگەریـان هەبـووە لە بـوژانەوەی لایەنـی ئـابووری و هەروەتـر ناسـاندن و دەوڵەمەندكردنی مێژووی كورد لە شارستانیەتی ئیسلامی.

**توێژینەوەکانی پێشووتر** بەو پێیەی لایەنی ئـابووری یەكـێكە لە لایەنە گرنـگ و پـڕ بایەخەكـان، هەربـۆیە بەردەوام بـۆتە جێگـای سەرنجی توێژەران، بەتایبەت هەرێمی جەزیرە لە پێشتریشدا كاری لەسەر كراوە لە چەنـد ڤەكـۆلین و تـوێژینەوەیەكی وەك سـوادی عبد محمد لە ژێر ناوی( الاحوال الاجتماعية و الاقتصادية في بـلاد الجزيـرة الفراتيـة خـلال القـرن السـادس الهجـري/ الثـاني عشرـ الميلادي)، هەروەها عبدالله بن ناصر بن سليمان الحارثي بە ناونیشانی( الاوضاع الحضارية في اقليم الجزيرة الفراتيـة في القـرنين السادس و السـابع الهجـري/ الثـاني عشرـ و الثالـث عشرـ الميلادي)، لەگەڵ ئـاكۆ برهـان محمـد بەنـاوی( ئـابووری كوردسـتان لە سەردەمی عەباسییدا)، بێگومان گشـتیان تـوێژینەوەی بە كەڵـك و سـوود بەخشـن، بەڵام ئەوەی تـوێژینەوەكەی ئـێمە جیادەكـاتەوە جیاوازە لە ڕووی ماوەی زەمەنی كەبەشی هەرەزۆری ئەوانەی پێشوو تاوەكو سەدەی حەوتەمی كۆچی/ سیانزەهەمی زاینی هـاتوون، ئەوەی ئێستا لە ڕووی كاتەوە جیاوازەو تایبەتە بە سـەدەی هەشـتەم/ چـواردەهەمی زاینـی، بەمەش تەواوكەری بەدواداچوونەكـانی ئەوان لەخۆ دەگرێت، بێجگە لەوەش لەنێو پانتای تەواوی لایەنـی ئـابووری كە چەنـدین بـابەتی هەمە لایەنەی جیـاواز دەگرێتەخـۆ، لێرەدا تەنیـا بازرگـان و پیشـەورەكان دیـاریكراوە بـۆ ئەوەی سـەرودەری و بەدواداچوونیـان بـۆ بكرێـت، ئەوەشـیان دەچێـتە قـاڵبی لێكۆڵینەوەی ستوونی، كە لە بەدواداچوونی میتۆدی توێژینەوەی زانستی كارێكی ئامانجدارو پەسنكراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە** ئامانج لەم توێژینەوەیە زیاتر بریتییە لە كۆكردنەوەو وەسەریەكنانی پەیڤ و دەق و زانیاریەكـانی نێـو پەراوی سـەرچاوەكان، بەتـایبەت ئەوانەی هاوسـەردەمی ئەوان تۆمـاركراون، بە ئامـانجی ڕامـان و ڕانانیـان بە یەكـتری و هەڵێنجـانی ئەو زانیاریانەی تایبەتمەنـد بـوون بە بازرگـان و پیشـەوەران بەوەی كەوا چەنـدە پشـكداریان هەبـووە لەبەرەو پێشـبردنی شارسـتانیەتی ئیسلامی.

**ڕێبازی توێژینەوە** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی لێكۆڵینەوەی زانستی مێژوویی پەیرەو كراوە، بەوەی كەوا زۆربەی زانیارییە سەرەكی و پێویستەكان لە سەرچاوە بنەڕەتیەكان وەرگیراون، پاشان بەراوردكردنیان بەو سەرچاوانەی هاوشێوەی ئەوان تۆماركراون، بەمەش پەیرەوی ڕێبازی گێڕانەوە كراوەو لە هەر جێگایەكیش بیروڕای جیاوازو زانیاری هەمەجۆر هەبووبێت پەنا بۆ شرۆڤەكردن براوە.

**پێكهاتەی توێژینەوەكە** ئەم توێژینەوەیە پێكهاتووە لە پێشەكیەك و دەروازەیـەك و دوو تەوەرە لەگەڵ چەند ئەنجامێك، ئەوەتا دەروازە تەرخانكراوە بۆ دیاریكردنی سنوری جوگرافی و گرنگی و بایەخی هەرێمەكە لە ڕووی پێگەی جوگرافی و ئابووری لەسەر نەخشەی شانۆی جیهانی، هەرچی تەوەرەی یەكەمە ئەوا لە ڕێگایەوە تیشك خراوەتەسەر سەرگوزشتەی ژیانی بازرگانەكانی هەرێمی جەزیرە، ئەوانەی لە ڕێگای كارو چالاكیە بازرگانیەكان خزمەتێكی گەورەیان بە لایەنی ئابوری كردووە، لە تەوەرەی دووەمیش جەختكراوەتەوە لە ژینامەی پیشەورە دیارەكانی هەرێمی جەزیرە، ئەوانەی لە ڕێگای كارەو پیشە جۆراوجۆرەكانی وەك دروستكردنی (داو دەرمان، چەكی سەربازی، مەی و گیراوە سەرخۆشكەرەكان، عەتاری، ڕستن و چنین، بەرگدوور، گوڕینەوەی دراو، لەبەرگرتنەوەو نووسینەوەی كتێب، دروستكردنی ئەستورلاب)، لەگەڵ چەندان پیشەی دیكەش خزمەتی زۆریان بە كۆمەڵگا كردووە

## 1.گرنگی و بایەخی هەرێمی جەزیرە لە ڕووی جوگرافی و ئابوری

**1.1 سنوری جوگرافی**سەبارەت بە هەرێمی جەزیرە، یەكێكە لەو ناوچە فرە نەتەوەو پێكهاتانەی كەوا دیرۆكێكی لەمێژینەو دێرینی هەیە، لە نێویدا كوردەكان پێكهاتەیەكی ڕەسەن و بنەڕەتی دانیشتوانی جەزیرە پێك دەهێنێت، بەتایبەتی ناوچەكانی باكورو باكوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمەكە لە زۆربەی قۆناغە مێژووییەكاندا زۆرینەی شارو باژێرو ئاوایەكانی كوردنشین بوون (بڕوانە: ابن شداد، 1978،ج3،ق7/1؛ الدوری، 1948، ص19)، ئیتر هەر ئەوەشە وایكردووە كەوا یەكێك لە ڕۆژهەڵاتناسان ئەو ناوچەیە بە زێدو نیشتمانی ڕەسەنی نیشتەجێبوونی كوردەكان ناوزەند بكات(مینورسكی، 1968، ص14). بێگومان ناوهێنانی ئەو هەرێمە لە لایەن جوگرافیناسان بە جەزیرە[1] لەخۆڕا نەهاتوتە ئارا، بەڵكو زیاتر وابەستەی هەڵكەوتەی جوگرافی و سروشتی ناوچەكەیە كەوا دەكەوێتە نێوان هەردوو ڕوباری دیجلەو فورات(ابن الفقیه، 1988، ص123؛ القزوینی، د.ت، ص351، ابو الفداء الایوبی، 1840، ص273)، ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە ڕاستە هەڵكەوتەی سروشتی هەرێمەكە ڕەنگدانەوەی جوگرافی ناوچەكەیە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ناوچەی دیكەش هەن ناكەونە نێوان چوارچێوەی هەردوو ڕووبارەكە، بەڵام لە بەشێكی زۆری قۆناغە مێژووییەكان بەشێك بوونە لەو هەرێمە.

هەرچی پەیوەستە بە سنوری جوگرافی هەرێمی جەزیرە، ئەوا زیاتر ئەو ناوچانە دەگرێتەوە كەوا دەكەوێتە نێوان هەردوو ڕوباری دیجلەو فورات، بەمەش ئەو دوو ڕوبارە سنوری سروشتی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەرێمەكە پێك دەهێنن، بەشێوەیەك ڕێڕەوی ڕۆیشتنی ڕوباری فورات بۆتە خاڵی جیاكەرەوەی لە وڵاتی شام، ڕوباری دیجلەش بە پێی ڕێڕەوی ڕۆیشتنی بۆتە سنوری لەگەڵ ئازربیجان و هەرێمی چیا(ابن جبیر، 2012، ص223؛ حمادی، 1977، ص39). سنوری باشوری درێژ دەبێتەوە تاوەكو شاری تكریت لە كەناری ڕوباری دیجلەو شاری هیت لە كەناری فورات و ئەو هێڵە تراویلكەیەی نێوان تكریت و هیت دەبێتە سنوری نێوان جەزیرەو عێراق، هاوكات لە باكوریشەوە هاوسنوری ئەرمینیاو وڵاتی ڕۆم بوو(یاقوت الحموي، 1995, 134/2؛ ابو الفداء, 1840, ص289)، ئەوە لە كاتێكدا شاری هەولێرو ئاوایەكانی ناوچە چیایەكانی دەوروبەری موصل هەرچەندە ناكەونە نێوان دیجلەو فۆراتەوە كەچی لەو كاتەدا لەسەر ئەو دەڤەرە هەژمار دەكرێت (بڕوانە: القلقشندي: 2009، 317/4_328؛ تۆفیق:2020، ل41 _42).

### 2.1 بایەخی هەرێمی جەزیرە لە ڕووی ئابووری و ڕەنگدانەوەی لەسەر چالاكی بازرگانی و پیشەوەری

هەرێمی جەزیرە یەكێكە لەو ناوچانەی كەوا ئابووریە فرە چەشنەكەی وابەستەی پێگەی جوگرافی و سروشتە دەوڵەمەندەكەیەتی بە دەرامەتی سروشتی و كەرستەی خاوی ژێر زەوی و لە هەموو كات و سەردەمێكیشدا ئەو فاكتەرانە، بە تایبەتی شوێنگەی جوگرافی و ژینگەیەكی لەبارو دەوڵەمەند بە دەرامەتە جۆراوجۆرەكان كۆڵەگەو مەرجی سەركی گەشەكردن و هاتنە كایەی شارستانیەتە (إیست، د.ت، ص34).

سەبارەت پێگەی جوگرافی، ئەو هەرێمە بەردەوام پێگەو شوێنێكی ستراتیژی گرنگ و ناوبانگێكی دیاری هەبووە لە جیهانی بازرگانی، بەشێوەیەك پردی پەیوەندی نێوان عێراق و شام و ئەڵقەی بەیەگەیشتنی كاروانە بازرگانیەكانی نێوان ئەرمینیاو ئازربیجانی بە عێراق و شام دەبەستەوە(المقدسي، 2003، 124؛ خلف، 1965، ص388). هاوكات بوونی سەرچاوەی ئاوی وەك ڕوبارو نزیكی لە دەریاكان كاریگەری چاكی هەبووە لەسەر گەشانەوەی چالاكی بازرگانی، بەجۆرێك ناوچەكە بۆتە سەرچاوەی ڕێگای گواستنەوەی ئاوی نێوان باشوری ئاسیا لەگەڵ باشوری ئەوروپا(الكعبي، 2009، ص31)، لەم نێوەندەشدا زۆرێك لە شارەكانی ئەو هەرێمە پەسن

و ستایشی زۆر کراون بەوەی کەوا بەناوبانگ بوون بە چالاکی بازرگانی و ئەلقەی بەیەگەیشتنی کاروانە بازرگانیەکان، لەهەمان کاتدا وێستگەیەکی ناوەندی گرنگ بوون لە بازرگانی جیهانی، کاتێك بازرگانان لە سەرتاسەری وڵاتانی دەوروبەر ڕوویان تێدەکرد بە مەبەستی چالاکی بازرگانی(ئەولیا چەلەبی، 1987، ص32_49). هەموو ئەوانەش ڕەنگدانەوەی باشی هەبووە لەسەر گەشانەوەی لایەنی ئابوری و بەردەوام بە پردی پەیوەندی و شا دەماری ڕێگای بازرگانی وشکانی و ئاوی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لە ناوچەکە هەژمار بکرێت، ئیتر هەر ئەوەشە وایکردووە ناوچەکە بەردوام ببێتە جێگای کێشمەکێش و ململانێی و چاوتێبرینی هێزە هەرێمایەتیەکان بە درێژایی سەدەکان. بێجگە لەوەش، ژینگەو سروشتی ناوچەکە ڕەنگدانەوەی چاکی هەبووە لەسەر نەش و نماکردنی لایەنی ئابووری، بەشێوەیەك ناوچەکە دەوڵەمەندە بە زەوی بە پیت و سەرچاوەی ئاوی جۆراوجۆر و بەرهەمی سروشتی، ئەوەش وایکردووە زۆرێك لە شارو ئاواییەکانی بە ناوبانگ بێت بە بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و سەرچاوەی کانزایی جۆراوجۆر، هەموو ئەوانەش کاریگەری چاکی هەبووە لەسەر پێشکەوتنی بازرگانی و هاتنەکایەی پیشەوەری فرە چەشن لە نێوان شارەکان و ئاڵ و گۆڕی بازرگانی لەگەڵ هەرێمەکانی دەوروبەر(بڕوانە: حمادي،1977، ص227).لەبەر ڕۆشنای ئەوەش دەکرێت باس لەوە بکرێت ئەو پێشکەوتنە ئابورییەی لە هەرێمەکە هاتبووە ئارا وابەستەی چەند هۆکارو فاکتەرێکی سەرەکیە کە دەشێت لەو خاڵانە چڕ بکرێتەوە:

1_ گرنگی و بایەخ پێدانی هەندێك لە دەسەڵاتدارە خۆجێیەتیەکانی هەرێمەکە، بەتایبەتی بەشێك لەوانەی لە مێژووی ئیسلام یەك لەدوای یەك فەرمانرەوایەتی ناوچەکەیان لە ئەستۆ دابووە وەکو مەروانییەکان، ئەرتقییەکان، ئەتابکییەکان، ئەیوبییەکان، بەردەوام هەوڵیانداوە بۆ پێشکەوتنی لایەنی ئابووری و هێنانەکایەی کەشێکی لەبارو هاندانی بازرگان و پیشەوەران بۆ ئەوەی بەوپەڕی دڵسۆزی و لێبوردەیەوە کارەکانیان ئەنجام بدەن (بڕوانە: محمد، 2023، ص37 وما بعدها).

2_ بەگشتی هەڵکەوتەی جوگرافی و جیوپۆلتیکی هەرێمەکە ڕەنگدانەوەی باشی هەبووە لەسەر گەشانەوەی لایەنی ئابووری و چالاکبوونی کرداری بازرگانی لە نێوەخۆو وڵاتانی هەرێمایەتی و دەوروبەر.

3_ هەرێمەکە پشت ئەستورو دەوڵەمەند بووە بە سەرچاوەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و کانزایی کاریگەری چاکی هەبووە لەسەر بەرەو پێشچونی بازرگانی و هاتنە کایەی پیشەو پیشەوەری جۆراوجۆر (بڕوانە: ياقوت الحموي، 1995، 186/3؛ المصطاف، 2020، 429/2).

جێگای باسە، جۆرێك لەو سەقامگیرییە ئابوریەی لە هەرێمەکەدا هاتبووە ئارا تاسەر بەردەوام نەبوو، ئەوەش لە ئەنجامی خراپی بەرێوەبردنی هەندێك لە دەسەڵاتدارە خۆجێیەتیەکان و سەرای ئەوەش ناوچەکە چەندین جار ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماری هێزگەلی دەرەکی بۆتەوە، بەتایبەتی گەورەترین دوژمنی ئەو سەردەمە کە ڕوویان لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی کرد، ئەویش خۆی دەبینیەوە لە هێرش و پەلامارو کاولکاریەکانی مەغۆل لە نیوەی یەکەمی سەدەی حەوتەمی کۆچی/سیانزەهەمینی زاینی، لەم نێوەندەشدا ناوچە کوردنشینەکانی هەرێمی جەزیرە بەدەر نەبوون لەم هێرش و کاولکاریە، بەڵکو زۆربەی شارو باژێرو ئاواییەکانی کوشتن و تاڵانکاری و برۆیەکی زۆری تێداکرا ( ابن شداد، 1978، ج3،ق504/2). دواجار ئەو هەرێمە کەوتە قۆناغێکی دژوارو تاریك و لێڵ لەژێر سایەی دەسەڵاتی مەغۆلەکان.

دوای هاتنە کایەی ئەو پەشێویە سیاسیەی لە ناوچەکە هاتە ئارا، ڕۆڵی کارای هەبوو لە خراپبوون و پاشەکشەی لایەنی ئابوری بەگشتی، ئەوەش لە ئەنجامی بەرقەرار نەبوونی ئەمن و ئاسایش و نەمانی دەسەڵاتداریەتیە خۆجێیەکان کە نەدەتوانرا وەکو پێویست ڕێگاو کاروانە بازرگانیەکان بپارێزن لەبەر هۆکاری زیادبوونی دیاردەی دزی و جەردەی و تاڵانکاری، سەرای ئەوەش داگیرکردن و وێرانکردنی شارەکان هێندەی دیکە بارودۆخەکەی خراپتر کرد کاتێك سوپای مەغۆلەکان لە ساڵی(650ك/1253ز) هەڵسا بە تاڵانی و برۆی زۆر لە شارەکانی وەك (ئامەد، میافارقین، اسعرد، سەرێ کانی، سروج، نصيبين، ئەرزن و شنگال)، تەنانەت ژمارەیەکی ئێجگار زۆر خەڵکیان کوشت(ابن شداد، 1978، ج3،ق231/1؛ ابن تغرى بردى، د.ت، 22/7)، لە هەمان کاتدا هەوڵیاندا کەوا دەست بەسەر ڕێگا گرنگە بازرگانیەکان دابگرن بۆ ئەوەی لەوێوە هێرش بکەنە سەر کاروانە بازرگانیەکان(سبط ابن الجوزي، 1952، مج8،ق787/2)، بەرەنجامی ئەوەش بەشێکی زۆر لە بازرگانان ناچاربوون زێدی باووباپیرانیان جێبهێڵن و لەگەڵ خەڵکی گشتیدا کۆچ بکەن بۆ ناوچەکانی شام و مصرو دواجار لەوێدا نیشتەجێبن (بڕوانە: حسن: 2009، ص54).

له لایەكی دیكه، پیشەوەران چارەنوسیان له خەڵكانی دیكه باشتر نەبوو، ئەوەش له ئەنجامی ئەو ڕووداوە جەرگبڕانەی بەسەریان داهات له كوشتن و دەربەدەر بوون و بەدیل گرتن، ئەوەش بە ڕوونی دیارە كاتێك مەغۆلەكان هاتنە هەرێمی جەزیرە له ساڵی(660ك/1262ز) كوشتارێكی زۆریان كرد، له هەمان كاتدا ژمارەیەكی زۆریشیان كرد بە بەندی و دەست بەسەر كران، بەتایبەتی ئەوانەی پیشەوەرو دەست ڕەنگین و بازرگان بوون(الهمذاني، د.ت، مج2،ق330/1).بەشێوەیەكی گشتی هەموو ئەوانەی ئاماژەیان پێدرا كاریگەری نەرێنی و خراپی كردە سەر سستبوونی چالاكی بازرگانی و پیشەوەری و بەرزبوونەوەی نرخی كالاكان، هاوكات ناهاوسەنگی ڕەگەزی و كەمبونەوەی ڕێژەی دانیشتوان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە بە مانای ئەوە نیە كەوا بەدرێژایی ئەو مێژووە تاسەر لایەنی ئابووری تووشی پوكانەوەو لەناوچوون چوبێت، بەڵكو له سەردەمی هەندێك لە دەسەڵاتە داگیركەرەكانیش كاتێك بارودۆخی سیاسی جێگیری بەخۆیەوە بینیووە كاریگەری كردۆتە سەرلەنوێ بوژانەوەو گەشەسەندنی كەرتی بازرگانی و چالاكی پیشەوەری (بڕوانە: ڕەسول: 2013، ل253).

### 2. بازرگانە دیارە كوردەكانی هەرێمی جەزیرە لە سەدەی هەشتەمی كوچی/ چواردەهەمی زاینی

چالاكی بازرگانی كردارێكی دابنەمێكیە هەر لە كۆنەوە مرۆڤەكان ئەنجامیانداوە لە ڕێگای گۆڕینەوەی كەل و پەل كڕین و فرۆشتن بە مەبەستی دەستەبەركردن و وەدەستخستنی بژێوی ژیان و كۆكردنەوەی سەروەت و سامان و خۆ دەوڵەمەندكردن و هێنانەكایەی خۆشگوزەرانی بۆ كۆمەڵگا(رحال: 2000، ص47 )، بەرەنجامی ئەوەش بازرگانیكردن بریتییە لە كرداری كڕین و فرۆشتنی كالاو بەروبوومەكان بە مەبەستی پڕكردنەوەی پێداویستیەكان و بەدەستهێنانی بڕێك لە قازانج، یاخود لە بنەچەدا بازرگانیكرن گوزارشتە لە كرینی كالاو شت و مەك لە كەسێك كە پێویستی پێی نیە یان ناچارە بە فرۆشتنی لەبەرامبەر وەرگرتنی بڕە پارەیەك و فرۆشتنی بە كەسێك كە پیویستی بەو جۆرە كالایە هەیە كە بیكرێت، بەمەش چالاكی بازرگانی وەستاوە لەسەر خستنە ڕوو و داواكردن(الدمشقي: 1900، ص45)، لە هەمان كاتدا ئەو كەسەی لەو جۆرە بوارەدا كاریكردووە پێی دەگوترێت بازرگان، بەتایبەت ئەو كەسانەی كردارو چالاكی بازرگانیان كردووە بە كارو پیشەی هەمیشەی خۆیان(دەباغ: 2001، ل108). لەم نێوەندەشدا دەكرێت باس لەوە بكرێت ئەو كردارەش لە هەموو كات و سەردەمێكدا وابەستەی چەند فاكتەرێكە كە دەشێت لەو خالانە چڕ بكرێتەوە:

1_ زامن كردنی ئەمن و ئاسایش و بەرقراركردنی كەشێكی گونجاوو لەبار بۆ بازرگانان.

2_ پارستن و سەلامەتی كاروانە بازرگانیەكان و پاكردنەوەی ڕێگاكان لە دزو جەرەو ڕێگرەكان دەستەبەر كرابێت.

3_ دۆزینەوەی كڕیارو بازاری هەمەچەشن بۆ ساغكردنەوەی كالاو شت و مەكە جۆراوجۆرەكان.

لەلایەكی دیكەش ئایینی پیرۆزی ئیسلام، هیچ كات ڕێگر نەبووە لەم چالاكیە، بەڵكو جەخت دەكاتەوە لەسەر ئەنجام دانی چالاكی بازرگانی بە ڕێگایەكی ڕاست و دوور لە فێڵ و تەلەكەباری و ریباو سوو هەروەك خوای گەورە دەفەرمویت:﴿وَأَحَلَّ اللَّهُ الْبَيْعَ وَحَرَّمَ الرِّبا﴾ (سورة البقرة، الاية /279) یاخود: ﴿يَا أَيهَا الَّذين آمنُوا لَا تَأْكُلُوا أَمْوَالكُم بَيْنكُم بِالْبَاطِلِ إِلَّا أَن تكون تِجَارَةً عَن تَرَاض مِنْكُم وَلَا تقتلُوا أَنفسكُم إِن الله كَانَ بكم رحِيما﴾ (سورة النساء، الاية/29)، ئەوە لە كاتێكدا پەسن و ستایشی زۆری ئەو كەسانە كراوە كە بە كردارو چالاكی بازرگانیەوە سەرقاڵن لە ڕیزی پێغەمبەران و شەهیدان و پیاو چاكانن، بەتایبەت ئەوانەی بە ڕاستگوی و دەستپاكی و دڵسۆزییەوە ئەو پیشەیە ئەنجام دەدەن هەروەك پێغەمبەر(د.خ) دەفەرمویت: (التَّاجِرُ الْأَمِينُ الصَّدُوقُ الْمُسْلِمُ مَعَ الشُّهَدَاءِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) (ابن ماجة، 2009، 724/2, رقم الحديث/ 2139)، یاخود (التَّاجِرُ الصَّدُوقُ الأَمِينُ مَعَ النَّبِيِّينَ، وَالصِّدِّيقِينَ، وَالشُّهَدَاءِ)(الترمذي، 1998، 506/2، رقم الحديث/ 1209).

لەبەر ڕۆشنای ئەمەش ژمارەیەك لە بازرگانانی دیار لە هەرێمەدا بەدیدەكرێت كە سەرقاڵی كاری بازرگانی بوون، لە پێشەوەی هەموویان(عبد الغنی كوری حسێن كوری یحیی جەزری)، كە لە بنەچەدا خەڵكی شاری جەزیرەی كوردان(بۆتان)( ابن حجر العسقلاني، 1972، 186/3_187)، ئەو شارەش لە لایەن خۆیەوە پێگەیەكی گرنگی هەبووەو وڵاتناسان ستایشی زۆریانكردوە بەوەی زۆرێك لە كاروانە بازرگانیەكان پێدا تێدەپەرێت، بە تایبەتی وەك وێستگەیەك پردی پەیوەندی و خاڵی بەیەكەوە بەستنەوەی عێراق و شام بووە(المقدسي، 2003، ص127).

لەبارەی ژیننامەی ناوبراو زانیاریەكی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە، تەنیا ئەوە نەبێت سەرقاڵی كاری بازرگانی بووە هەر چەندە لەوكاتەدا ڕێگا بازرگانیەكان پڕ بوون لەسەرکێشی، لەبەر مەترسی دزو ڕێگرەكان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام لە گەران و سوڕاندا بووە لە نێوان جەزیرەی كوردان و وڵاتانی دیكەو لەو پێناوەشدا سەردانی وڵاتی هیندو چەند ناوچەیەكی دیكەی كردووە تاوەكو دواجار لە

شـاری دیمشـق گیرسـاوەو لەوێـش پەرەیـداوە بە کـاری بازرگـانی هەتـاوەکو لە سـاڵی (702ك/1302ز) کـۆچی دواییکـرد(ابن حجـر العسقلاني: 1972، 3/186_187؛ الهسنياني: 2012، ص250) لەلایەکـی دیـکە، هەنـدێك لەو بازرگـانە دیـارانە لە ئەنجـامی چـاڵاکی بازرگانی توانیویـانە سـەروەت و سـامانێکی ئێجگـار زۆر کـۆبکەنەوە، لەوانە (محمـد کـوری عبـدالرحمن کـوری اسـماعیل جەزری)، ئەویـش بنچیـنەی دەگەرێـتەوە بـۆ جەزیـرەی بۆتـان. لە مـاوەی ژیانیـدا خەرێکـی کـاری بازرگـانی بـووەو پـارەو سـامانێکی زۆری کۆکردتەوەو سێ جار سەردانی وڵاتی چینی کردووە، لەم هەمان کاتدا پەسن و ستایشی زۆر کـراوە بەوەی کەوا کەسـێکی بەناوبانـگ بووە بە خێرو چاکەو دەستکراوەی و کاتێك دەستی بەکاری بازرگانێکرد سامانەکەی تەنیـا پێـنج سـەد دینـار بـوو، بەڵام کاتێـك ژیـان ئـاواییکرد لە سـاڵی (702ك/1302ز) هێنـدە زەنگـین و پـارەدار بـوو سـامانەکەی بە پەنجـا هەزار دینـار مەزنـدە دەکـرا(ابن حجـر العسقلاني، 1972، 5/245).

یەکێکی دیکە لەو بازرگانانەی نێوبانگی زۆری هەبووە لە شارەکەی خۆی، ئەویش(تقی الـدین احمـد کـوری محمـد کـوری ابـو العـز حەرانی)، بنەچەی دەگەرێتەوە بـۆ شـاری (حەران)[2] کە یەکـێکە لەو شـارانەی دەکەوێـتە سـەر ڕێگـای کـاروانە بازرگانیەکـانی نێـوان موصل و شام.

لە ساڵی(633ك/1235ز) لە شاری حەران لە دایکبووەو پاشان بۆ ڕووی لە شوێنانی دیکە کردووەو سەرقاڵی کـاری بازرگـانی بـووە، تەنـانەت لەو ڕێـگەیەوە پـارەو سـامانێکی زۆری وەدەستخسـتووە، هەربـۆیە کاتێـك کـۆچی دواییکـرد لە سـاڵی (709ك/ 1309ز)، سەروەت و سامانێکی ئێجگار زۆری بۆ منداڵەکانی جێهێشتوەو ئەوانیش لە سـەر هەمـان ڕێچـکەی باوکیـان سـەرقاڵی کـارو چـاڵاکی بازرگانی بوون(البرزالي، 2006، 3/424_425).

بێجگە لەوەش،(شمس الدین کوری حاجی سیف کوری اسماعیل حەرانی)، یەکێکی دیکەیە لەو بازرگانانەی بنەچەی دەگەرێتەوە بۆ شاری حەران، بەڵام لەبەر ئەوەی خودان کەسایەتیەکی لە خۆبردەو خوڕەوشت بەرزە بووە، هەربـۆیە ناوبـانگی زۆری دەرکـردووە، بەتایبەتی لە شاری دیمشق.

لە ساڵی(672ك/1273ز) لە شاری حەران لە دایکبووەو بازرگانێکی دەستپاك و لەخواترس بـووە، هەربـۆیە کاتێـك لە سـاڵی (709ك/ 1309ز) کۆچی دواییکرد ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لە بازرگان و خەڵك و کەسە نزیکەکانی ئامادەی ڕێورەسـمی ناشـتنی بـوون لە شـاری دیمشق، تەنانەت بە لە دەستدانی زۆر پەشۆکاو غەمبار بوون(البرزالي، 2006، 3/433_434).

یەکێکی دیکە لەو بازرگانە بە ئاگاو دیارو هۆشیارەکان کوردەکان ئەویش (علی کـوری احمـد کـوری یوسـف کـوری خضرـ ئـامەدی)، بنەچەو ڕیشەی دەگەرێتەوە بۆ شاری ئامەد(دیاربکر) [3]،لە تەمەنی منداڵیدا بینای و چاوەکانی لەدەستداوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا ئەوە نەبۆتە کۆسپ و لەمپەر لەبەرامبەر بەردەوامبونی لە ژیان و خودای گەورە بە کۆمەلێك بەهرەو توانسـتی دیـکە قەرەبـووی بـۆ کردۆتەوەو، لەوانە کەسێکی هۆشیارو خودان بیرو هزرێکـی بەهێـز بـووە، بەتـایبەتی لە لێکـدانەوەی خەونـدا، هاوکـات دەسـتی لە ناوەڕۆکی هەر کتێبێك بدایە دەیزانی پێکهاتووە لە چەند دێڕ(الصفدي، 1998، 3/262)، بێجگە لەوەش شـارەزایی چـاکی هەبـووە لە زمانەکانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ڕۆمی و مەغۆلی, لە هەمان کاتدا وەکو پیشە سەرقالی کاری بازرگانی کتێب بووەو ژمـارەیەکی زۆری کۆکردۆتەوەو هەر کاتێك کتێبێکی کریبایە لاپەرەیەکی لێدەکردەو لە سەریا چەند پیتێکی ئەلف و بێ دەنووسـی بـۆ دیـاریکردنی نرخی کتێبەکە، دواتر هەڵیدەواسـی بە بەرگـی کتێبـیەکە بـۆ ئەوەی لە هەر کاتێکـدا نرخـی کتێـبەکەی لە بیرچووبـایە دەسـتی دەدایە پیتەکان بۆ زانینی نرخی ڕاستەقینەی و بە بیری دەهاتەوە (الصفدي، 2007، ص189_191؛ الصـویرکی: 2006، ص481)، دواجـار لە دوای ساڵی(712ك/1312ز) کۆچی دواییکردووە( ابن حجر العسقلاني: 1972، 4/27).

لە لایەکی دیکە، (عبدالرزاق کوری شهاب الدین کوری صالح الدنیسری)، یەکێکی دیکەیە لەو بازرگانە کوردانەی بنەچەو ڕەچەڵەکـی دەگەرێتەوە بۆ شاری دنیسر(قوچ حصار)[4]، کە یەکێکە لەو شارانەی کۆکرەوەی ڕێگاکان و شـوێنی بەیەکگەیشـتنی بازرگانـان بـووە( یاقوت الحموي، 1995، 2/478؛ ابن خلکـان، 1994، 5/147)، ئەوەش زیـاتر لەوەدا سـەرچاوەی گرتـووە کە دەکەوێـتە سـەر ڕێگـای بازرگـانی سـەرەکی بـاکوری عێـراق و هەرێمـی جەزیـرەو ئەرمینیـاو وڵاتـی فـارس وشـام، ئیـتر هەر ئەو فاکتەرەشـە وایکـردووە بوژانەوەیەکی دیاری بازرگانی بەرچاو بە ناوچەکە ببەخشێت (السبعاوی، 2018، ص27).

لە ماوەی ژیانیدا سەرقاڵی کاری بازرگانی بووە، بەڵام پێناچێت بازرگانێکی خۆشەویست بووبێت لە لایەن خەڵك، لەبەرئەوەی چارەنوسی بە کوشتن کۆتای هاتووە لە لایەن هەندێك لە جوتیاران لە ساڵی(716ك/1316ز) لە گوندی (دێر علی) نزیك دیمشق، تەنانەت خەڵکانێکی زۆر بە مردنی خۆشحاڵبوون، لەبەرئەوەی خۆی لە قەرەی هەندێك كێشەو ئاریشەو بابەت داوە كە نەدەبوایە بچێتە ناویان(البرزالي، 2006، 240/4).

یەكێكی دیكە لەو بازرگانە كوردانەی سامانێكی زۆری لە ڕێگای بازرگانی كۆكردۆتەوە ئەویش(ابو القاسم محمد كوری خالید كوری ابراهیم حەرانیە)، لە ساڵی(650ك/1252ز) لە شاری حەران هاتۆتە دونیاوە(ابن العماد الحنبلي، 1988، 83/8).

ناوبراو خودان كەسایەتیەكی سەنگین و لەخواترس و زاناو شەرعناس بووەو بەردەوام خەریكی كاری خێرو چاكە بووە، لە پاڵ ئەوەش وەكو خواپێدراوێك سەرقاڵی كاری بازرگانی بووە لە دیمشق و لەو ڕێگەیەوە پارەو سامانێكی زۆری وەدەستخستەوەو دواتر بۆ منداڵەكانی جێهێشتوە(البرزالي، 2006، 240/4_241)، لە ساڵی(717ك/1317ز) كۆچی دواییكردووەو لە نزیك گۆری دایكی بەخاك شپێردراوە (الذهبي، 1988، 426/2).

نەك تەنیا كەسانی ئاسایی، بەڵكو هەندێك كات شاعیرو هۆزانڤانانیش وەكو خەڵكانی دیكە خەریكی كاری بازرگانی بوون، لەوانە (عبدالرحمن كوری ابراهیم كوری قنیتوا الاربلی)(هەولێری)[5]، لە ساڵی (638ك/1240ز) لەدایكبووە(ابن تغری بردی، د.ت، 153/7).

ئەدیب و هۆزانڤانێكی لێوەشاوەو قەدر گران بووەو زۆر بەرێك و جوانی شیعری دادەڕشت و تیایاندا پەسن و ستایشی مەلیك و كاربەدەست و كەسایەتیە دیارەكانی هاوسەردەمی خۆی دەكرد، تەنانەت لەم ڕێگەیەوە پارەو سامانی زۆری كۆكردۆتەوە، پاشان سەرقاڵی كاری بازرگانی بووە، وەلێ پێناچێت لەو بوارەدا سەركەوتوو بووبێت، بەڵكو لە چالاكی بازرگانی ئازارو مەینەتی زۆری چەشتووە(ابن حجر العسقلاني، 1972، 108/3)، بەڵام ئەوەی لێرەدا جێگای تێرامانە سەرچاوەكان زانیاریەكی ئەوتۆ نادەن بەدەستەوە لەبەرچی تووشی مەینەتی و بارودۆخێكی سەخت بووە كەوا ئایا لەبەر نەشارەزایی و كەم ئەزموونی بووە لە كاری بازرگانی یاخود هۆكاری دیكەی لە پشتەوە بووە، دوا بەدوای هەموو ئەوانەش پاش نەخۆش كەوتنی لە ساڵی(717ك/1317ز) كۆچی دوایكردووە (ابن كثیر، 1997، 174/18؛ المدرس، 1983، 266). هەندێك لەو كەسایەتیانە بە خانەوادە خەریكی كاری بازرگانی بوون، لەوانە(محمد كوری شێخ عبدالمؤمن كوری حسن كوری یونیسی نصیبینی) ناسراو بە( ابو عبدالله)، بنەچەیان دەگەڕێتەوە بۆ شاری نصیبین[6]، كە یەكێكە لەو شارانەی گرنگی و بایەخی زۆری هەبووە، لەبەر ئەوەی دەكەوێتە سەر ڕێگای كاروانە بازرگانیەكانی نێوان موصل و شام.

لە ساڵی(656ك/1258ز) هاتۆتە دونیاوەو ناسراوە بە كەسێكی لەخۆبردەو زۆر بەچاكی سەوداو مامەڵەی كردووە لەگەڵ خەڵك، لە ماوەی ژیانیدا سەرقاڵی كاری بازرگانی بووە تاوەكو لە ساڵی (718ك/1318ز) كۆچی دواییكردووە(البرزالي، 2006، 326/4).

لە پێشتردا (عبدالمؤمن كوری حسن كوری یونیسی نصیبینی) ناسراو بە (امین الدین النصیبی) (م:699ك/1299ز) باوكیشی سەرقاڵی كاری بازرگانی بووە لە بازارەكانی شاری دیمشق، لە هەمان كاتدا ناسرەوە بە كەسێكی دلسۆزو دەستپاك، تەنانەت بە پارەی هەتیوو بێباوكان كاری بازرگانی كردووەو بەو پەڕی دڵسۆزی و دەستپاكی كارەكانی بۆ ئەنجام داون(الذهبي، 1993، 422/52).

هەرچی(علاء الدین علی كوری محمد كوری ابو بكر كوری قاسم الاربلیی)(هەولێری)، ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری هەولێر، وەلێ كاتێك كۆچیكردوە بۆ ناوچەكانی دەرەوەی هەولێریش، بە تایبەتی لە شاری دیمشق هەر بە كاری بازرگانیەوە خەریكبووە، لە ساڵی(647ك/1249ز) لەدایكبووە، پاشان سەرقاڵی كاری بازرگانی بووە لە بازاری قەیسری(القیسریات)[7] تایبەت بە گیراوەو خواردنەوەكان، دواتر وەك دەلال و جامبازێك (سمسار)[8] كاری نێوەنگیری و بازارگەرمی داوە بە كاڵاكان لە نێوان كریارو فرۆشیارەكان، بەڵام پێناچێت لەو كارەیدا سەركەوتوو بووبێت، لەبەرئەوەی قەرزێكی زۆری لەلا كەڵەكە بووەو دواجار دەستگیركراوە، بەڵام هەندێك لە دۆست و خەڵك و نزیكەكانی یارمەتیان داوە بۆ گەڕاندنەوەو دانەوەی قەرزەكان بەمەش توشی بارودۆخێكی ناهەموار بووە، هەربۆیە لە ماڵەكەی خۆی گۆشەگیر كردووە تاوەكو لە ساڵی (719ك/1319ز) كۆچی دواییكرد (بڕوانە: البرزالي: 2006، 4/ 359_360).

جێگای ئاماژە پێدانە، هەندێك لەو بازرگانانە خاوەنی سەروەت و سامانی زۆر بوون و پێگەی دیاریان هەبووە لە كۆمەڵگا، لە هەمان كاتدا بەشداری كاراپانكردووە لە كاری خێرخوازی و چاكە، لەوانە (عبدالرحمن كوری احمد كوری ابو العز كوری عبیدی حەرانی)،

یەكێكی دیكەیە لەو بازرگانانەی ناوبانگی دەركردووە بە كەسێكی چاكەكارو خێرخواز، لە هەمان كاتدا پارەیەكی زۆری دەستكەوتووە لە كرین و فرۆشتن، تەنانەت ژمارەیەكی زۆر لە بەندیەكانی ئازاد كردووەو پارەی كرینەوەی بۆ دابین كردون، پێش مردنیشی وەسیەتی كردووە بۆ منداڵەكانی كەوا سێ لەسەر چواری پارەو سامانەكەی خەرج بكرێت لە كاری خێرخوازی و چاكەو بەخشین، لە ساڵی(728ك/1327ز) كۆچی دواییكردووە(بڕوانە: ابن الجزري، 1998، 290/2).

ئەو كارە خێرخوازیانەش گوزارشتە لەوەی بازرگانان توێژێكی گرنگی كۆمەڵگا بوون و ڕۆڵی زۆریان هەبووە لە پڕكردنەوەی پێداویستی بەشێك لە هەژارو نەداران، لەمڕ نێوەندەشدا بەخشش و دەستكراوەیەكانیان گەواهی ئەو ڕاستیە دەدەن.

یەكێكی دیكە لەو بازرگانە دیارانەی كەوا پشكداریكردووە لە خزمەتكردنی ئەو كەسانەی بە دوای زانست و زانیاری وێڵن، بەتایبەت ئەوانەی لە خزمەتی زانستە ئاینیەكان بوون، بە تایبەت قورئانی پیرۆز، ئەویش (علاء الدین علی كوری اسماعیل كوری محمود سنجاریه)(شنگال)، بنەچەو ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری شنگال كە یەكێكە لەو ناوچانەی زۆرینەی هەرە زۆری دانیشتوانی كوردنشین بووەو زیاتر ناسراون بە ئازایەتی و خانەدانی و پیاوەتی و ڕەوشت بەرزی و سەخاوەت بڕوانە: (ابن بطوطة: 2006، ص152).

لەگەڵ ئەوەی خەڵكی شنگالە، بەڵام لەهەمان كاتدا یەكێك بووە لەو بازرگانانەی نێوبانگی زۆری هەبووە لە دەرەوەی ناوچەكانی خۆی، بەتایبەتی لە شاری دیمشق ناسراوە بە ڕاستگۆی و دەستپاكی و تەنانەت چەندان شوێن گەراوە بەمەبەستی كاری بازرگانی، لەهەمان كاتدا بەردەوام مەیلی بەلای خێرو چاكەدا چووەو زۆرجار بۆ ئەو مەبەستە پێشبركی كردووە لەسەر یارمەتیدان و بنیادنانی دامەزراوەی ئاینی لەمڕ ڕووەشەوە شوێن دەستی دیارە لە بنیادنانی خانەی قورئانی سنجاری(دار القرآن الكریم السنجاریة)، كە تایبەت بە قورئان خوێنان و ئەوانەی لە خزمەتی زانستەكانی قورئان بوون(النعیمي، 1،11/1990). ناوبراو لە ساڵی (735ك/1334ز) لە شاری قاهیرە كۆچی دوایكرد، كاتێك هەواڵی مردنی گەیشت بە شاری دیمشق ژمارەیەكی زۆر لە خەڵك بۆ ئەو كۆستە گەورەیە پەشۆكاو غەمبار بوون(ابو الفداء الایوبي، د.ت، 115/4؛ابن كثیر، 1997، 378/18).

لە لایەكی دیكە، (محمد كوری اسماعیل كوری حمادی حەرانی)، هەرچەندە بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری حەران، وەلێ یەكێك بووە لە بازرگانە هەرە ناودارەكانی دیمشق، لە سەرەتادا وەكو فێرخوازێك خەریكی زانست و زانیاری بووەو بەدەست و خەتێكی جوان دەینووسی، بەڵام دوای مردنی باوكی دەستی داوەتە كاری بازرگانی و سەرودەری و شارەزایەكی چاكی تێدا هەبووە، هەربۆیە زۆرجار بازرگانان پەنایان بۆ بردووە ئەویش وەك جامبازێك(سمسار) نێوەنگیری لە نێوان كریارو فرۆشیارەكاندا كردووەو كارئاسانی بۆ ساغكردنەوەی كاڵاكانیان كردووە(ابن الجزري، 1998، 690/3)، لە ساڵی(734ك/ 1333ز) لە شاری دیمشق كۆچی دواییكردووە(ابن كثیر، 1997، 367/18).

وەنەبێ تەنیا پیاوان، بەڵكو ژن و ئافرەتانی كوردیش بەشداریانكردووە لە چالاكی بازرگانی، ئەوەتا (ست الكل[9] كچی شێخ عبدالعزیز كوری اسماعیل كوری محمد جەزری)، كە بنەچەو ڕەچەڵەكی دەگەڕێتەوە بۆ جەزیرەی ئیبن عمر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەك بازرگانێك گەران و سورانی زۆریكردووە، بەتایبەت لە شاری دیمشق ناوبانگی دەركردووە بە ئافرەتێكی بەخشندەو چاكەكارو خێرخواز، بەتایبەتی لەگەڵ خەڵك و كەسە نزیكەكانی، لە ساڵی(735ك/1334ز) كۆچی دواییكردووە (بڕوانە: ابن الجزري، 1998، 781/3).

لەلایەكی دیكە، (محمد كوری نصرالله كوری نصرالله كوری عوسمان جەزری)(جەزیرەی بۆتان)، یەكێكی دیكەیە لەو بازرگانە دیارانەی لە ساڵی (668ك/1269ز) لە دایكبووە(السبكي، 2004، ص467).

لە ماوەی ژیانیدا سەرقاڵی كاری بازرگانی بووەو ناسراوە بە كەسێكی چاكەكارو دەستكراوە لە بەخشیندا، لە ساڵی(742ك/1341ز) كۆچی دواییكردووە(ابن حجر العسقلاني، 1972، 28/6).

هەروەها (شمس الدین محمد كوری مكی كوری ابو الثناء دنیسری)، یەكێكی دیكەیە لەو بازرگانە كوردانەی بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری دنیسری زۆرینە كوردنشین، لەبارەی سەرگوزشتەی ژیانی زانیاریەكی ئەتۆ نیە، تەنیا ئەوە نەبێت بۆ كاری بازرگانی لە زۆر شوێندا گەراوەو دواهەمین وێستگەی ژیانی لە شاری قاهیرە گیرساوەو هەر لەوێشدا سەرقاڵی كاری بازرگانی بووە، لە ساڵی(757ك/1356ز) كۆچی دواییكردووە (ابن رافع، 1981، 193/2).

هەرچی (ابو بکر کوری محمد کوری احمد کـوری محمـد حەرانیە)، ئەوا پەسـن و ستایشـی زۆر کـراوە بەوەی کە بازرگـانێکی سـنگ فراوان و دەستکراوە بووە لە بەخشیندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەتوانی بە ڕێك و جوانی بنووسێت ئەوەش لە سەوداو مـامەڵەو کارەکانیـدا کێشـەو ئاریشـەی زۆری بـۆ دروسـتکردووە، لە سـاڵی (770ك/1368ز) لە شـاری حلـب کـۆچی دواییکـردووە (ابـن حجـر العسقلاني، 1972، 546/1).

یەکێکی دیکە لەو بازرگانـانەی کەوا خـۆی سـەرقاڵی کـاری بازرگـانی بـووە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشـدا بەدەم چارەسـەرکردنی کێشـەو ئاریشەی بازرگانی دیکەشەوە بووەو بەردەوام لە خزمەتیاندا بووە، ئەویش (عوسـمان کـوری ئەیـوب الاسـعردی)، بـنەچەو ڕیشـەی دەگەڕێـتەوە بـۆ شـاری اسعرد(سـیرت)[10]، یەکـێکە لەو شـارانەی بە درێژایـی زۆرێـك لە سـەردەمەکان زۆرێـنەی هەرە زۆری دانیشتوانەکەی کوردنشین بووە.

جێگـای ئامـاژە پێـدانە، وەکـو بازرگـان و هەسـتکردن بە بەرپرسـیاریەتی و مشـورخۆری خەڵـك بەگشـتی بەردەوام هاموشـۆی دەسەڵاتدارنی کردووە بۆ ئەوەی هیچ نەبێت باجی سەر هەندێك لە کاڵاو شـتو مەکەکـان کەمر بکـرێتەوە، لەمر نێوەندەشـدا تەواوی هەوڵ و تەقەلاکانی خۆی خستۆتەگەر بۆ هەڵگرتنی باجی سەر میوەی هەنار لە کۆتایشدا سـەرکەوتوو بـووە، لە هەمـان کاتـدا وەك بازرگانێکی خودان سەروەت و سامان و زەنگین شوێن دەستی دیارە لە بنیادنانی بازاری هاوسەردەمر، لەمر نێوەندەشدا هەڵسـاوە بە دروستکردنی بازارێکی قەیسەری لە شاری دیمشق، دوابەدوای هەموو ئەوانەش لە ساڵی(783ك/1381ز) کۆچی دواییکردووە (بڕوانە: ابن حجر العسقلاني: 1969، 247/1).

### 3. پیشەوەرە دیارە کوردەکانی هەرێمی جەزیرە لە سەدەی هەشتەمی کۆچی/چواردەهەمی زایینی

بە گشتی پیشەوەری و کاری دەسـتی کـۆڵەگەیەکی گرنگـی سیسـتەمی ئـابوری و نیشـانەی گەشەسـەندن و پێشـکەوتنی کۆمەڵگاکـان بەدیار دەخات، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکاری بەرزکردنەوەی ئاسـتی بژیـوی و هێنانەکـایەی خۆشـگوزەرانی بـۆ تاکەکـانی، بەمەش پیشـەوەری گوزارشـتە لە پیشـەیەك یـاخود کارێـك بـۆ وەدەستخسـتنی پێداویسـتیەکانی ژیـان(الحنبلي،1981، 197/1)، هاوکـات پیشەوەری و بەجێگەیاندنی کارێك هۆو پێناوێکە بۆ مـانەوەی مـرۆڤ بە زینـدویی هەروەك خـوای گەورە دەفەرموێـت:﴿وتتخـذون مصانع لَعَلَّكُمْ تخلدون﴾ (سورة الشعراء، الاية/129)، بە هەمان شێوە ئەو کەسانەی کارو پیشەکانیان بە کارامەی و لێزانـی ئەنجـام دەدەن هەمیشە خۆشەویست و پلەو پایەیان بەرزە لە لای خـوای گەورە هەروەك پێغەمـبەر(د.خ) دەفەرموێـت:( إِنَّ اللَّـهَ يُحِـبُّ إِذَا عَمِلَ أَحَدُكُمْ عَمَلًا أَنْ يُتْقِنَهُ) (ابو يعلى الموصلي، 1984، 349/7، رقم الحديث/4386).
بێجگە لەوەش، هەندێك لە شارەزایانی ئەو بوارە جەخت لەوە دەکەنەوە کەوا پیشەوەری هاوتای زانسـتەو گوزارشـتە لە کـارکردن، واتە لە ڕووی زانستی زانیاری هەبێت لەبارەی چۆنیەتی کارکردن لە کارو پیشەیەکی دیاریکراو، بەتایبەتی ئەوەی لە ئەنجامی ئەزمـون و شـارەزایی و کـارامەیی و بەردەوامـی دێـتە ئـاراوە (احمـد، 1997، ص538)، لەبەر ڕۆشـنایی هەمـوو ئەوەش دەکرێـت بـاس لەوە بکرێت ئەو بەرهەمەی لە پیشەوەری وەدەست دەخرێت لە ئەنجامی بەجێگەیاندنی کارێـك، بەتـایبەتی ئەوەی هەوڵ و مانـدوبوونی بۆ تەرخان دەکرێت، بەرەنجامی ئەوەش دەکرێت بگوترێت پیشەوەری بریتییە لە گـۆڕینی کـاڵاو کەلـوپەل و سـەرچاوەی کەرسـتەی خاو بۆ ئەوەی نرخەکەی زیاد بکات و لە بەرامبەریشدا پێداویستی خەڵك پڕ بکاتەوە.

هەرچی پەیوەستە بە هەرێمی جەزیرە، ئەوا تێبینی ئەوە دەکرێت ژمارەیەك لە پیشەوەری کورد پیشەی سـەرەتای و ناوەخۆییـان لە چوارچێوەی هەرێمەکەو هەمر لە شوێنانی دیکەش پیشەو کاری جۆراوجۆریان ئەنجامداوە، ئەوەش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە سروشتی ناوچەکەو بوونی سەرچاوەی کەرستەی خاوو لێزانـی و کارامەییـان یارمەتیـدەر بـووە بـۆ هێنـانە کـایەی ئەمر چەشـنە لە پیشانە بەمر شێوەیەی خوارەوە:

#### 1.3. دروستکردنی داو دەرمان

یەکێکە لەو پیشانەی تایبەت بووە بە چارەسەرکردنی نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان کەتیایدا بەشێك لە پیشەوەران کارامەیی و شارەزای چاکیان لەبارەیەوە هەبووە، لەوانە (مجدالدین ابو طاهر ابراهیم کوری محمد کوری عبدالله الاسـعردی) نـاسراو بە (الاحشائشیـ)، یەکێکە لەو دەست ڕەنگین و دەرمانسازانەی شارەزایەکی چاکی هەبووە لە دروستکردن و ڕێکخستنی پێکهاتەی دەرمان بۆ نەخۆشـیە جۆراوجۆرەکان، بەتایبەتی دەرمانە بیهۆشکەرەکان و دژە ژەهرەکان، ماوەیەك سەردانی مەراغە[11]ی کردوەو لەوێدا چاوی بە سوڵتان غازان کوری ارغون(694_703ك/1295_1303ز) خانی مەغۆلە ئیلخانیەکانی ئێران کەوتووەو لە لای ئەودا پایەی بەرزبووەو چەنـدین

جار بەیەکەوە سەردانی ناوچە چیایەکانیان کردووە بەمەبەستی سەیرکردنی بەری داری دەرمانە بیهۆشکەرەکان، دواتر گەراوەتەوە شاری اسعرد(سیرت) و بەردەوامبووە لەسەر ڕێچکەو کارامەیەکی خۆی تاوەکو لە ساڵی(706ك/1306ز) لە زێدی باووباپیرانی کۆچی دواییکرد (ابن الفوطي، 1995، 380/4).

بەهەمان شێوە، (قوام الدين نصر ناصر کوری داود الاسعردی)(م:8ك/14ز)، یەکێکی دیکەیە لەو شارەزاو دەرمانسازانەی کەوا ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری اسعرد و کارامەی و شارەزایەکی چاکی هەبووە لە گژو گیا و ئەو جۆرە لە دەرمانە سروشتیانەی کە سەرچاوەکەی لە ناوچە چیایەکان وەدوستخستووەو دواتر بەکاریهێناوە لە دروستکردنی داوو دەرمان بۆ چارەسەی جۆرەها نەخۆشی لە بواری پزیشکی (بڕوانە: ابن الفوطي، 1995، 546/3).

### 2.3. دروستکردنی مەی و گیراوە سەرخۆشکەرەکان

یەکێکە لەو پیشانەی لە بەشێکی زۆری شارەکانی هەرێمی جەزیرە بوونی هەبووە، بەتایبەتی کرستیانەکان شارەزاییەکی چاکیان لەبارەیەوە هەبووەو بەردەوام دەوروبەری دێرو کلێساکانیان بەو چەشنە لە بەروبومانە دادەچاند کە لە پێکهاتەی مەی و گیراوە بیهۆشکەرەکان بەکار دەهاتن (الشابشتي، 1966، ص117).

لەم نێوەندەدا هەندێك لە کوردەکانیش سەرقاڵی ئەو جۆرە پیشەیە بوون، لەوانە خێزانی(مجد الدين اسماعيل کوری حماد حەرانی)، بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری حەران، بەڵام وەکو پیشەوەرێك کاریکردووە لە دروستکردنی مەی و گیراوە سەرخۆشکەرەکان لە بازارو قەیسەریەکانی دیمشق، ئەوانەی تایبەت بەو گیراوانە، لە ساڵی(711ك/1311ز) کۆچی دواییکردووە(البرزالي، 2006، 31/4).

بە هەمان شێوە (علاء الدين علی کوری محمد کوری ابو بکر کوری قاسم الاربلی) (هەولێری)(م: 719ك/1319ز)، یەکێکی دیکەیە لەو پیشەوەرە کوردانەی کاری کردووە لە دروستکرنی مەی و گیراوەو خواردنەوە سەرخۆشکەرەکان و تەنانەت دوکانی تایبەت بە خۆی هەبووە لە شاری دیمشق (البرزالي، 2006، 360/4).

### 3.3. دروستکردنی چەك و پێداویستی شەڕکردن

هەڵبەتە چەك و پێداویستی سەربازی یەکێك بووە لە کەلو پەلە هەرە گرنگان بە درێژیی هەموو سەردەمەکان مرۆڤەکان بەردەوام پێویستیان پێوە هەبووە، بەمەبەستی شەڕکردن و پارێزگاری و بەرگری لەخۆکردن بەرامبەر دوژمن و نەیارەکانیان. بێگومان ئەو چەشنە لە پیشەیەش گرنگی و بایەخی زۆری پێدراوە لە هەرێمی جەزیرە لەبەر بوونی سەرچاوەی کەرستەی خاوی تایبەت بەو چەك و تفاقانە زۆرێك لە شارەکانی پێیانەوە بەناوبانگ بوون، هەربۆیە لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێت زۆرجار مەغۆلەکان داوای دروستکردن و بەرهەمهێنانی کەلوپەلی وەك شمشێرو ڕم و قەڵغان و زرێیان کردووە لە بەشێك لە شارەکانی ئەو هەرێمە(ابن الطقطقي، 1960، ص47).

یەکێك لەو پیشەوەرانەی سەرقاڵی کاری دروستکرنی ڕم و کەل و پەلی سەربازی بووە، ئەویش (عبد الاحد کوری ابو القاسم کوری عبد الغنی حەرانیە)، بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری حەران، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا دوکانی تایبەت بە ڕم فرۆشتنی هەبووە لە بازاری ڕم دروستکەران(الرماحين) لە دیمشق، لە ساڵی (712ك/1312ز) کۆچی دواییکردووە(الذهبي، 1988، 346/1).

هاوکات یەکێکی دیکە لەو پیشەوەرە ناوبانگی زۆری هەبووە لە دروستکردنی چەك و پێداویستی شەڕکردن، ئەویش(شهاب الدين احمد کوری محمد کوری صیلانی حەرانیە)، بەتایبەتی لە دروستکردنی ڕم، لەم نێوەندەشدا دوکانی تایبەت بەخۆی هەبووە لە بازاری ڕم دروستکەران لە دیمشق، لە ساڵی (713ك/1313ز) کۆچی دواییکردووە (البرزالي، 2006، 111/4).

### 4.3. دروستکردنی بۆن و بەرام و گوڵاو

یەکێکی دیکەیە لە کارو پیشانەی بەشێك لە کوردەکان پێیەوە سەرقاڵبون، ئەوەش زیاتر لەوەدا سەرچاوەی گرتووە کە هەندێك لە شارەکانی ئەم هەرێمە بەناوبانگ بوون بە چەندین جۆرە گوڵ، بەتایبەتی گوڵی سپی شاری نصیبین لە زۆرێك لە دێهات و ئاوایەکانی چێنراوە لەبەربوونی کانی و سەروچاوەی ئاوی جۆراوجۆر، کە سەرچاوەی سەرەکی دروستکردنی ئاوی گوڵاو بووەو لە بۆن و بەرامیدا وێنەی نەبووە(ابن سعيد المغربي، 1958، ص88).

جێگای باسە، زیاتر بۆن و گوڵاوەکان لە گوڵ و پێکهاتەکانی دروست دەکران، بەتایبەتی ئەو گوڵانەی کەوا تایبەتمەندیان هەبووە بە خۆشی و دڵرفێنی بۆن و بەرامەکەی و چەند جۆرێکی هەبووە وەکو گوڵی سپی و نێرگزو یاسمین و نیلۆفرو قەنەفر، لەگەڵ چەند جۆرێکی دیکەش (بڕوانە: التركماني، 2000، ص522_530).

هەڵبەتە ئەو کەسانەی خودان زەوق وسەلیقەن بۆن و گوڵاویان بەکارهێناوە بۆ بۆنخۆشکردنی جەستەو پۆشاکیان، تەنانەت بۆ چارەسەری هەندێك لە نەخۆشیەکانیش بەکار دەهات، هەربۆیە لێرەدا چەندین بازاری تایبەتمەند هەبووە بە بۆن و گوڵاو فرۆشان لە بەشێکی زۆری شارە کوردنشینەکانی هەرێمی جەزیرە(ابن شداد، 1978،ج3،ق276/1).

لەم نێوەندەدا هەندێك لە کوردەکانی ناوچەکە شارەزایەکی چاکیان هەبووە لە ئامادەکردنی ئەو چەشنە لە گوڵ و گوڵاوانەدا، لەوانە (حاجی ابراهیم کوری علی کوری سلامەی حەرانی)، بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ شاری حەران، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا سەرقاڵی کاری بۆنفرۆشتن بووەو تەنانەت دوکانی تایبەت بەخۆی هەبووە لە بازاری تایبەتمەند بە عەتارەکانی دیمشق، لە ساڵی (714ك/ 1314ز) کۆچی دواییکردووە (البرزالي، 2006، 155/4).

بەهەمان شێوە،(حاجی ابوبکر کوری محمد کوری ابی الورد دنیسری)، بنەچەو ڕەچەڵەکی دەگەڕێتەوە بۆ شاری دنیسر، یەکێکی دیکەیە لەو کەسایەتیە کوردانەی کەوا لێهاتوی و کارامەییەکی چاکی هەبووەو لە دروستکردنی بۆن و بەرام و گوڵاوو لەو چەشنەو جۆرە گولانەی کەوا بۆنێکی خۆشیان هەبووە، لە هەمان کاتدا پیشەی بۆنفرشتن بووەو نەك تەنها خۆی بەڵکو ماڵباتەکەشی بە پیشەی عەتاری بەناوبانگ بوون، هاوکات دوکانی تایبەت بەخوی هەبووە لە بازاری عەتارەکانی بۆن و بەرامفرۆشان و بەردەوامبووە لە سەر ئەو کارەی تاوەکو لە ساڵی(736ك/1335ز) کۆچی دواییکرد(ابن الجزري، 1998، 910/3).

هەندێك لەو کەسایایەتیە بە خانەوادە خەریکی کاری عەتاری بوون، لەوانە( احمد کوری محمد کوری علی دنیسری[12])ناسراو بە(شهاب الدين ابو العباس)، لە ساڵی(746ك/1345ز) لە دایکبووە( ابن تغرى بردي، د.ت، 177/2)، نەك تەنها خۆی بەڵکو باوك و باپیرانیشی هەر خەریکی گوڵاو بۆن و بەرام فرۆشتن بوون، لە ساڵی(794ك/1392ز) لە تەمەنی پەنجاو دوو ساڵی کۆچی دوایکردووە(ابن العماد الحنبلي، 1986، 596/8).

### 5.3. ڕستن و چنین

ڕستن و چنین یەکێکە لە پیشە دەستیانەی ئادەمیزاد هەر لە کۆنەوە کاریان تێدا کردووە بۆ دروستکردنی خێمەو مافورو رایەخ و پێخەوف و تەنانەت بۆ پەنهانینی لەش و لاریان و پاراستنیان لە کەش و هەواو ژینگەی دەوروبەر، لە هەمان کاتدا گوزارشتە لە کۆمەڵێك کاری بەیەکەوە بەستراوو گرێدراو، سەرەتا کاڵای خامی وەکو حەریرو خوری و پەمۆو لۆکەو کەتانی بۆ ئامادە دەکرێت، دواتر دەچنرێت و بۆیە دەکرێت، پاشان پارچە دەکرێت و تەواوی پێداویستیەکانی پۆشینی جل و بەرگ و ڕاخەرو فەرش و خۆ گەرمکردنەوەی لێ دروست دەکرێت، دوابەدوای هەموو ئەوانەش دەخرێتە بازار بۆ فرۆشتن (بڕوانە: الاوتاني،2007، ص245).
بێجگە لەوەش، ئەو پیشەیە بە شێوەیەکی بەربڵاوو فراوان گرنگی و بایەخی زۆری پێدراوەو لە زۆربەی شارە کوردنشینەکانی هەرێمی جەزیرە لەبەربوونی زۆری سەرچاوەی خامەی سوف، تەنانەت بەرهەمەکانی کوتاڵ و خامە گرانبەهاکانی ناوبانگی زۆریان هەبووە لەبەر باشی و جۆری تایبەتی و نایابی، هەربۆیە بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی ڕەونەی ناوچەکانی دەوروبەری دەکرا (بڕوانە: ابن شداد، 1978، ج3،ق539/2؛ دیوەجي، 1970، ص35).

بەو پێیەی پیشەی ڕستن و چنین ڕەواجی زۆر بووە، هەربۆیە لێرەدا تێبینی دەکرێت بەشێك لە پیشەوەرە کوردەکان پێیەوە سەرقاڵبون، لەوانە (محمد کوری یحیی کوری بدر کوری محمد کوری یعیش جەزری)(جەزیرەی بۆتان)، لە ساڵی(654ك/1256ز) لە دایکبووەو لە ماوەی ژیانیدا سەرقاڵی کاری ڕستن و چنین بووە(البرزالي، 2006، 387/3)، دواتر بەردەوام بووە لەسەر کارو پیشەی خۆی تاوەکو لە ساڵی (708ك/1308ز) کۆچی دواییکرد(ابن حجر العسقلاني،1972، 37/6).

هەرچی (شمس الدين محمد کوری عز الدين کوری نصری حەرانییە)، ئەوا یەکێکی دیکەیە لەو پیشەورانەی کاری چنینی کردووە، لە ساڵی(646ك/ 1248ز) لە شاری حەران لەدایکبووە، دواتر لە ئەنجامی کاری بازرگانی ڕووی کردۆتە زۆرێك لە وڵاتان لە زۆر شوێن دوکانی تایبەت بە فرۆشتنی بەتانی و پێخەف و ئەو چەشنە لە پۆشاکانەی هەبووە کە بۆ خۆگەرمکردنەوە بەکاردەهات بە تایبەت لە شاری دیمشق، لە ساڵی(718ك/1318ز) کۆچی دواییکردووە(البرزالي، 2006، 307/4).

بەهەمان شێوە (عبدالرحمن کوری احمد کوری ابو العـز کـوری عبیـدی حەرانـی)، یەکێکـی دیـکەیە لەو پیشـەوەرانەی کەوا دوکـانی تـایبەت بەخـۆی هەبـووە لە بـازاری پێخەفرۆشـان کە تیایـدا ئەو جـۆرە لە پـێخەف و ئەو پۆشـاکانەی لە لـۆکە دروسـت دەکـران دەفرۆشران، لە ساڵی (727ك/1326ز)کۆچی دواییکردووە(ابن الجزري، 1998، 290/2).

### 6.3. پۆشاك دوورین

یەکێکی دیکەیە لەو پیشانەی کەوا بەشێك لە پیشەوەرانی کورد پێیەوە سـەرقاڵبون، لەبەرئەوەی ژینـگەو کەش و هەوا رەنگـدانەوەی هەبوو لەسەر جۆرو چەشنی پۆشـاکەکانیان، لەهەمـان کاتـدا خەڵـك بەگشـتی گرنگـی و بـایەخی زۆریانـداوە بە پۆشـاك، بەتـایبەتی دەوڵەمەندو خوا پێدراوەکان لە بۆنەو ئاهەنـگ و شـوێنە تایبەتەکـان جـۆرو چەشـنە بەرگێکـی جیاوازیـان پۆشـیوە(الدوري، 1999، ص117) ئەوەش وایکـردووە لە زۆرێـك لە شـارە کوردنشـینەکانی ئەم هەرێـمە بـازارو دوکـانی تایبەتمەنـد بە بەزازو کوتـاڵفرۆش و بەرگدورەکان هەبێت(ابن شداد، 1978، ج3،ق29/1؛ محمد، 1989، ص324).

لەم نێوەندەدا (شمس الدين محمد كوری عبد الملك كوری حاجی محمد کـوری خالیـد حەرانـی)، لە سـاڵی(656ك/1258ز) لە شاری حەران هاتۆتە دونیاوە، دواتر سەرقاڵی پیشەی بەرگدووری بووە، تەنانەت دوکـانی تـایبەت بە پۆشـاك دوورینـی هەبـووە لە بازارەکانی دیمشق، لە ساڵی(716ك/1316ز) کۆچی دواییکردووە(البرزالي، 2006، 236/4).

وەنەبێ تەنیا پیاوان کاری بەرگدووریان کردبێت، بەڵکو ئافرەتانیش بەشداریەکی کاریان کردووە لەم جۆرە پیشەیەداو بەگشتی لەنێو ماڵەکانی خۆیاندا کاری پۆشاك دروویـان کـردووە، لەم نێوەنـدەدا (عائیشـە کچـی محمـد کـوری موسـلیمی حەرانـی نـاسراو) بە(ام عبداللـه)، یەکـێکە لەو ژنە بەرگـدورانەی لە سـاڵی (648ك/1250ز) لە دایکبـووە (ابـن حجـر العسـقلاني، 1972، 5/3)، ئـافرەتێکی دیندارو خواناس و هەژار بووەو بۆ وەدەستخستنی قووت و بژێوی ژیانی خێزانەکەی پیشەی بەرگدووری کردووە(الصـفدي، 2000، 346/16). لە ساڵی(736ك/1335ز) کۆچی دواییکردووە (الصويركي، 2006، ص379).

### 7.3. لەبەرگرتنەوەو نووسینەوەی کتێب

لەبەرگرتنەوەو بەرگکردن و نووسـینەوەی کتێـب یەکـێکە لەو پیشـانەی رۆڵـی کـارای هەبـووە لە پاراسـاتن و لەنـاونەچوونی کلتـورو بەرهەمە ناوازەو دانسقەکانی زانایانی ئیسلام لە بوارە جۆراوجۆرەکـان لە شارسـتانیەتی ئیسـلامی، لەم نێوەنـدەدا بەشـێك لە زانـاو کەسایەتیە کوردییەکان بۆ وەدەستخستنی بژێوی ژیانیان لەم جۆرە کارەیان ئەنجام داوە، لەوانە( ابو علی حسن کـوری عمـر کـوری عیسی کوردی)، بنەچەی دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی جەزیرە، بەڵام لە زۆر شوێنی دیکە وەك پیشە کاری فرۆشـتنی پەراوی کـردووە، لە ساڵی(720ك/1320ز) کۆچی دواییکردووە (النعيمي، 1990، 246/1).

بەهەمان شێوە،( ابراهیم کوری محمد کوری ابـراهیم کـوری شـعبانی مـاردینی)، یەکێکـی دیـکەیە لەو زانـاو کەسـایەتیە کـوردانەی بـنەچەی دەگەڕێـتەوە بـۆ شـاری مـاردین[13]، لەگەڵ ئەوەی شـارەزای چـاکی هەبـووە لە بـواری فەرمووودەناسـی، لەپـاڵ ئەوەش بـۆ پەیداکردنی قـووت و بژێـوی ژیـانی کـاری لەبەرگـرتنەوەی کتێبـی کـردووە لەبەرامـبەر برێـك پـارە، لە ساڵی(738ك/1337ز) کـۆچی دواییکردووە (ابن رافع، 1981، 195/1).

لەلایەکی دیـکەش، (علـی کـوری عمـر کـوری عبـد الـرحیم کـوری بەدر جەزری)، ڕیشـەی دەگەڕێـتەوە بـۆ جەزیـرەی کـوردان و لە ساڵی(700ك/1300ز) لە دایکبووە( الصويركي، 2006، ص490)، لەماوەی ژیانیدا وەکو پیشە سەرقاڵی کـاری لەبەرگـرتنەوەی کتێـب بـووە، بەڵام لە دواسـاتەکانی ژیـانی توشـی بـارودۆخێکی سـەخت بـووە دوای ئەوەی هەسـتی بیسـتنی لەدەسـتداوە، دواجـار لە ساڵی(789ك/1387ز) کۆچی دواییکردووە(ابن العماد الحنبلي، 1986، 528/8).

### 8.3. دروستکردنی ئەستورلاب

هەرچەندە ئەو پیشەیە لە بنەرەتدا زیاتر وابەستەی لایەنە زانستیەکەیەو زیاتر پەیوەستە بە زانستی شێوە ناسـی(علم الهیئـة) کە تایبەتە بە بواری فەلەکناسی و گەردووناسی و پتر بەدواداچوون دەکات بۆ جولەو خولانەوەی هەسارەکان لە ئاسـمان و لە ڕێگـایەوە زانایانی ئەو بوارە توانیویانە کاتەکان و مانگەکان و وەرزەکانی ساڵ و خولانەوەی هەسارەکان دیاریبکەن(ابن الندیم، 2002، ص43).

لەبەر ڕۆشنای ئەمەش موسڵمانەكان گرنگی و بایەخی زۆریانداوە بەو زانستە، لەبەر ئەوەی پەیوەندیدارە بە هەندێك لە حوكمە شەرعیەكانی ئایینی پیرۆز، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە دیاردە گەردونیەكانی وەك دیاریكردنی كاتەكانی نوێژو بەڕۆژوبون و جەژن و ڕۆژگەی موسڵمانان كە زیاتر گرێدراوی مانگ بوون لەگەڵ چەندان بابەتی دیكەش (بڕوانە: عبدالرحمن، 1977، ص187).

لەم نێوەندەشدا هەندێك كەسایەتی كوردی دەست ڕەنگین و كارساز شارەزای چاكیان هەبووە لە دروستكرنی ئامێرەكانی پێوانەكردنی ئەو زانستە، لەوانە (عبداللە كوری یوسف كوری ئەبو بكر[14] ناسراو بە (جمال الدين الاسعردي)، لە بنەچەدا خەڵكی ئەسعردە/ سیرت، وەڵی لە هەندك شوێنی دیكەش نێوبانگی زۆری هەبووە وەكو پیشەوەرێك شارەزایی و كارامەیەكی چاكی هەبووە لە دروستكردنی ئامێری ئەستورلاب[15] كە زیاتر ئامێرێكی پێوانەكردنی گەردوناسیەو پێك هاتووە لە گۆمەزەیەكی بازنەی پێوانەكراوی ئاسنینی خولاوەوەو دوو كونی هەیە لە لایەكانی و بەكاردەهێنرا بۆ پێوانەكردنی بەرزبوونەوەی خۆرو هەسارەكان بڕوانە: (محمد، 2019، ص230)، ناوبراو بەردەوامبووە لەسەر كارو پیشەكەی خۆی لە دروستكردن و بەكارهێنانی ئامێری ئەستورلاب تاوەكو لە ساڵی(734ك/1333ز)كوچی دواییكرد(الصفدي، 1998، 735/2).

### 9.3. گۆڕینەوەی دراو

یەكێكە لەو سیستەمە دارایانەی كە لەو سەردەمەدا كاری پێدەكرا، كاتێك دراوگۆڕ لە سەرەتادا هەڵسەنگاندنی بۆ پارەكە دەكات لە ڕووی نرخ و قەبارەو نایابی، پاشان هەڵدەستا بە گۆڕینەوەی پارەكە لە دینارەوە بۆ درهەم وە بە پێچەوانەوەش، بگرە لەوەش زیاتر پیشەی دراو گۆڕەكان تەنیا گۆڕینەوەی پارە نەبووە، بەڵكو كاریان لە فرۆشتنی زێرو زیوو گۆڕینەوەی بە پارەش كردووە (بڕوانە: محمد، 2023، ص271).

لەم نێوەندەدا هەندێك لە كەسایەتیە كوردەكان وەكو پیشە كاری گۆڕینەوەی دراویان كردووە، وەكو (شمس الدين محمد كوری یوسف كوری عبداللە جەزری)، لە ساڵی(637ك/1239ز) لە جەزیرەی ابن عمر(جەزیرەی بۆتان) لە دایكبووە(السبكي، 1992، 276/9)، لە ماوەی ژیانیدا كاری وتاربێژی و مامۆستایەتی كردووە، لە پاڵ ئەوەش خەریكی گۆڕینەوەی دراو بووەو نەك هەر تەنها خوی، بەڵكو خانەوادەكەشی وەك پیشە خەریكی گۆڕینەوەی پارە بوون (البرزالي، 2006، 48/4)، دواجار لە ساڵی (711ك/ز)1311 ) كۆچی دواییكردووە(ابن تغري بردي، 1963، 221/9). لە لایەكی دیكە، (سيف الدين ابو بكر كوری نميرانی حەرانی)، یەكێكی دیكەیە لەو كەسایەتیانەی وەكو پیشە خەریكی گۆڕینەوەی دراو بووە، لە هەمان كاتدا وەكو خوا پێداوێك لە دوای مردنی لە ساڵی (726ك/1325ز) موڵك سامانێكی ئێجگار زۆری جێهێشتووە بۆ خانەوادەكەی(ابن الجزري، 1998، 171/2).

### 10.3. دروستكردنی شیرینەمەنی

یەكێكە لەو پیشانەی كەوا كوردان ئەنجامیان داوە، لەم نێوەندەشدا عبدالرحمن كوری جمال الدين الاربلی، لەبارەی سەرگوزشتەی ژیانی زانیاریەكی ئەوتۆ لەبەردەستدا نیە، تەنیا ئەوە نەبێت كە بنەچەی دەگەرێتەوە بۆ شاری هەولێر، لە ماوەی ژیانیدا كاریكردووە لە دروستكرنی شیرنەمەنی، وەلێ دوای وازهێنانی لەو پیشەیە تاوەكو لە ساڵی(719ك/1319ز) كۆچی دواییكرد بە بێكاری ماوەتەوە(البرزالي، 2006، 407/4).

### ئەنجام

یەكەم/ بۆمان بەدیار دەكەوێت كەوا پێگەی جوگرافی ئەو هەرێمە گرنگی و بایەخی ئێجگار زۆری هەبووە لە ڕووی ئابوری، لەبەرئەوەی كەوتۆتە نێوان خۆرهەڵات و خۆرئاواو زۆربەی كاروانە بازرگانیەكان لەوێوە تێپەڕ دەبوون.

دووەە/ زۆرێك لە شارەكانی ئەو هەرێمە وێستگەو بنكەی بازرگانی گرنگ بوون وەكو (نصيبين، حران، اسعرد(سیرت)و دنيسر)، لەگەڵ چەند شارێكی دیكەش.

سێیەم/ ئەو هەرێمە دەوڵەمەندو پشت ئەستوور بووە بە سەرچاوەی كشتوكاڵی و ئاژەڵداری و كانزایی، ئەوەش ڕەنگدانەوەی چاكی هەبووە لەسەر بوونی پیشەو پیشەوەری جۆراوجۆر.

چوارەم/ هێرش و پەلامارەکانی هێزە هەرێمایەتی و دەرەکیەکان بەتایبەتی کوشتن و کاولکاریەکانی مەغۆل کاریگەری خراپی هەبووە لەسەر پوکانەوەی لایەنی بازرگانی و پیشەوەری و تەنانەت ڕێژەی دانیشتوان.

پێنجەم/ بۆمان بەدیار دەکەوێت بەشێکی ئەو بازرگان و پیشەوە کوردانە ژیانیان لە دەرەوەی شارەکانی هەرێمی جەزیرە گوزەراندووە، دوابەدوای ئەوەی لەگەڵ باوك و باپیرانیان کۆچیانکردووە بۆ وڵاتی شام و مصر لە ئەنجامی هێرش و پەلامارو کوشتاری هێزە داگیرکەرەکان ئەوانەی ڕوویان لە ناوچەکانیان کردووە.

شەشەم/ لەگەڵ ئەوەی ئەو بازرگان و پیشەورانە لەگەڵ ماڵباتەکانیان دوورکەوتونەتەوە لە زێدی باوك و باپیرانیان، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا لە غوربەت و دوورە وڵاتی نکۆڵیان نەکردووە لە بنەچەو ڕیشەی خۆیان و نازناوەکانیان هەمیشە وابەستەی شارو خێل و هۆزەکانیان بوون.

حەوتەم/ بۆمان بەدیار دەکەوێت نەك تەنها پیاوان، بەڵکو هەندێك لە ئافرەتانیش بەشداریەکی کارایان کردووە لە چالاکی بازرگانی و پیشەوەری.

هەشتەم/ بوونی بازارو پیشەی جۆراوجۆر نیشانەو گوزارشتە لە بوونی کارامەیی و لێهاتووی و دەست ڕەنگینی پشەوەرانی کورد، بەجۆرێك شوێن دەستیان دیار بووە لە ناوەوەو دەرەوەی هەرێمی جەزیرە.

نۆیەم/ بۆمان بەدیار دەکەوێت بەشێك لەو بازرگانان و پیشەوەرانە، بەتایبەتی ئەوانەی خواپێدراو دەوڵەمەند بوون بەشداری و پشکداری کارایانکردووە لە کاری خێرخوازی و یارمەتیدانی ئەو کەسانەی سەرقاڵی زانستە ئاینیەکانی وەکو قوڕئانی پیرۆز بوون.

## پەراوێزەکان

[1]بێجگە لە ناوی هەرێمی جەزیرە، چەند ناوێکی دیکەشی بۆ ئەو هەرێمە بەکارهاتووە وەك:( اقور، ابور، اپور، جەزیرەی فوراتی، جەزیرەی شامی) بڕوانە: (المقدسي، 2003، ص124؛ ياقوت الحموي، 1846، ص103، حمادي، 1977، ص36_39).

[2] حەران: شارێکی گەورەو بەناوبانگە لە دەڤەری مضر لە هەرێمی جەزیرەو نێوانی لەگەڵ شاری روها( ئورفە) یەك ڕۆژە (یاقوت الحموي، 1995، 235/2). لەکاتی ئێستادا دەکەوێتە خاکی تورکیا و نزیکە لە سەروچاوەی روباری بلیخ کە یەکێکە لە لقەکانی سەرچاوەی روباری فورات.

[3] ئامەد(دیار بکر): یەکێکە لە شارە هەرە گەورەو بەناوبانگەکان دەکەوێتە ڕۆژئاوای روباری دیجلە لە دە دەڤەری دیاربکر، لە هەمان کاتدا شارێکی سەخت و قایمەو مێژوویەکی کۆنی هەیەو شورەو شارەکە بە بەردی ڕەش بنیادنراوە بڕوانە: (یاقوت الحموي، 1995، 56/1).

[4] دنیسر: شارۆچەیەکی گەورەو دیاری کوردنشینەو دەکەوێتە خوارووی شاری ماردین و نێوانیان دوو فەرسەخە/12کم (یاقوت الحموي، 1995، 478/2). بەزمانی کوردی بە مانای سەری جیهان دێت. لە کاتی ئێستادا وەك قەزای ناوەندی سەر بە شاری مادرینە.

[5] نەك تەنها لە بواری ئەدەب و هۆنراوە، بەڵکو شارەزای چاکی هەبووە لە بواری نووسینی مێژوو، تەنانەت بەرهەمی تایبەت بەخۆی هەبووە لەو بوارە بەناوی(خلاصة الذهب المسبوك مختصر من سيرة الملوك) بۆ پتر زانیاری بروانە: (ابن قنيتوا الإربلي، د.ت، ص 1 و مابعدها).

[6]نصیبین: شارێکی گەورەو ئاوەدانەو دەکەوێتە سەر ڕێگای کاروانە بازرگانیەکانی نێوان موصل و شام لە هەرێمی جەزیرە، لە مێژوودا بەناوبانگ بووە بە زۆری دوپشکەکانی( یاقوت الحموي، 1995، 288/5).

[7] القيسريات بازاری قەیسری: ئەو زاراوەیە ڕەگ و ریشەیەکی کۆنی هەیەو وەرگیراوە لە قیسەریەی ڕۆمانی کە بە مانای بازاڕی قەیسەر دێت (مصطفى، 1988، 498/2)، هاوکات گوزارشتە لە کۆمەڵێك بینایەی گشتی کە تیایدا حانوت و کۆگاو دوکان وشوێنی نیشتەجێبون لە خۆدەگرێت کەوا پیشەوەرو بازرگانەکان لە بەرامبەر کرێ تێدا نیشتەجێن(المقريزي، 1997، 157/3 وما بعدها؛ الاوتاني، 2007، ص277).

[8] سمسار یاخود السمسرة: لەبنەچەدا زاروەیەکی فارسیە بە عەرەبی کراوە وەك دەلال و جامباز ڕۆڵی نێوەنگیری بینیووە لە نێوان کریارو فرۆشیار لە بەرامبەر برێك پارە، یاخود هەڵدەستێ بە بڕەودان بە کاڵایەك لەبەرامبەر بەشێك لە قازامجی کاڵاکە بڕوانە: (عمر، 2008، ص377؛ محمد، 2023، ص177).

[9] ست الكل: ناوی ست الدار وەكو نازناو وابووه، بەتایبەتی لە مصرو ناوچەكانی ژێر فەرمانرەوایەتی مەمالیكەكان ئەو ئافرەتانەی رێزو پایەیان بەرزبایە ئەوا لە لایەن تەواوی خەڵك بەكۆمەلێك نازناوی وەك ست الناس، ست الفقهاء، ست العلماء كە گوزارشت بووه لە رێزو شانازی بانگ دەكران. بروانە: (عبدالرزاق، 1999، ص22)

[10] الاسعرد: شارێكی گورەیەو دەكەوێتە بكوری روباری دیجلەو نێوانی لەگەڵ شاری میافارقین رۆژو نیوێكە لە هەرێمی جەزیرە(یاقوت الحموي، 1995، 208/1). لە كاتی ئێستادا دەكەوێتە باشوری رۆژهەڵاتی توركیا بەناوی شاری(SERT).

[11] مەراغە: یەكێكە لە لە شارە هەرە گەورەو بەناوبانگەكان لە هەرێمی ئازربێجان(بروانە: یاقوت الحموي، 1995، 93/5).

[12] احمد كوری محمد كوری علی دنیسری: بێجگە لەوەی كاری عەتاری كردووە لە هەمان كاتدا ئەدیب و هۆزانڤانێكی گەورە بووەو خاوەنی زیاتر لە سی كتێب بووه، لەوانە: (لطائف الظرفاء)،(نزهة الناظر في مثل السائر)، (عنوان السعادة في مدائح النبوية)، (موشحات النبوية)، لەگەڵ چەندان كتێبی دیكەش. بروانە: (حاجي خليفة، 2010، 224/1).

[13] ماردین: شارو قەلایەكی بەناوبانگە لەسەر لوتكەی چیایەو دەروانێتە سەر شارو باژێرەكانی دنیسرو داراو نصیبین لە هەرێمی جەزیرە (یاقوت الحموي، 1995، 39/5).

[14] عبدالله كوری یوسف كوری ئەبو بكر: لەگەڵ ئەوەی كەسێكی زۆر شارەزاو لێهاتوو بووە لە دروستكردنی ئامێری ئەستورلاب، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەكو كەسێكی بێ رەوشت خویەكی چەسپاوو جێگیری نەبوو ئەوەش وایكردبوو وەكو كەسێكی گەمژە بێتە بەرچاو، لە دوا ساتەكانی تەمەنی هیچ كەسێك بە چاكی ناوی نەدەهێنا لە بەر هەژاری و هەندێك لە سیفات و خوە خراپەكانی و كزبوونی چاوەكانی بڕوانە: (ابن كثير، 1997، 369/18؛ ابن حجر العسقلاني، 1972، 93/3).

[15] ئەستورلاب: لە بنەچەدا زاروەیەكی یۆنانیە بە عەرەبیكراوەو پێگ هاتووە لە دوو برگە، (اسطر)بە واتای ئەستێرە و هەسارەكان دێت، هاوكات (لاب) بەمانای ئاوێنە دێت، بە یەكەوە دەبێتە ئاوێنەی ئەستێرەكان یاخود بە واتایەكی دیكە تەرازوو بەلانسی هەسارەكان بڕوانە: (احمد 1991، ص75).

## لیستی سەرچاوەكان

### _ قورئانی پیروز

### یەكەم/ سەرچاوە رەسەنەكان بە زمانی عەرەبی


- البرزالي: علم الدين ابي محمد القاسم بن محمد بن يوسف (ت: 739هـ/1337م)، 2006، المقتفي على كتاب الروضتين المعروف بتأريخ البرزالي، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصرية، بيروت.
- ابن بطوطة: ابو عبدالله محمد بن ابراهيم(ت: 779هـ/1377م)، 2006، رحلة ابن بطوطة المسماة تحفة النظار في غرائب الامصار و عجائب الاسفار، مؤسسة الرسالة، بيروت.

- التركماني: يوسف بن عمر بن علي(ت: 647هـ/1297م)، 2000، المعتمد في الادوية المفردة، تحقيق: محمود عمر الدمياطي، دار الكتب العلمية، القاهرة.

- الترمذي: محمد بن عيسى(ت: 279هـ/892م)، 2000، سنن الترمذي، جمعية المكة الاسلامي، مكة المكرمة.

- ابن تغري بردي: جمال الدين ابو المحاسن يوسف(ت: 874هـ/1469م)، 1963، النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، وزاؤة الثقافة و الارشاد القومي، مصر.

- ابن تغري بردي: جمال الدين ابو المحاسن يوسف(ت: 874هـ/1469م)، د.ت، المنهل الصافي و المستوفي بعد الوافي، تحقيق: سعيد عبدالفتاح عاشور، الهيئة المصرية للكتاب. القاهرة.

- ابن جبير: محمد بن احمد الكناني(ت:614هـ/1217م)، 2012، رحلة ابن جبير، دار صادر ط3، بيروت.

- ابن الجزري: شمس الدين ابى عبدالله محمد بن ابراهيم بن ابي بكر(ت: 738هـ/1337م)، 1998، تأريخ حوادث زمان وأنبائه و وفيات الاكابر و الاعيان من ابنائه، تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري، المكتبة العصرية، بيروت.

- حاجي خليفة: مصطفى بن عبدالله القسطنطيني الرومي(ت/1076هـ/1656م)، 2010، سلم الوصول الى الطبقات و الفحول، تحقيق: محمود عبدالقادر الارناؤوط، تقديم: الاكمل الدين احسان أوغلي، مكتبة أرسيكا، استنبول.

- ابن حجر العسقلاني: شهاب الدين احمد بن علي بن محمد(ت: 852هـ/1448م)، 1969، إنباء الغمر بأبناء العمر، تحقيق: حسن حبشي، لجنة إحياء التراث، مصر.

- ابن حجر العسقلاني: شهاب الدين احمد بن علي بن محمد(ت: 852هـ/1448م)، 1972، الدرر الكامنة في اعيان المائة الثامنة، تحقبق: محمد عبالمعيد ضان، مجلس دائرة المعرف العثمانية، حيدر اباد.

- الحنبلي: محمد بن ابي الفتح البعلي(ت: 709هـ/1309م)، المطلع على ابواب المقنع، تحقيق: محمد بشير الادلي، المكتب الاسلامي، بيروت، 1981.

- ابن خلكان: ابو العباس شمس الدين احمد بن محمد بن ابي بكر(ت: 681هـ/1282م)، 1994، وفيات الاعيان وانباء أبناء الزمان، تحقيق: احسان عباس، دار صادر، بيروت.

- الدمشقي: أبو الفضل جعفر بن علي( عاش في القرن السادس الهجري/الثاني عشر الميلادي)، 1281هـ/1900م، الإشارة إلى محاسن التجارة، القاهرة.

- الذهبي: شمس الدين محمد بن عثمان(ت: 748هـ/1347م)، 1988، معجم الشيوخ، تحقيق: محمد الحبيب الهيلة، مكتبة الصديق، طائف.

- الذهبي: شمس الدين محمد بن عثمان(ت: 748هـ/1347م)، 1993، تأريخ الاسلام و وفيات والمشاهير والاعلام، تحقيق: عمر عبد السلام التدمري، دار الكتاب العربي.

- ابن رافع: تقي الدين محمد بن هجرس(ت: 774هـ/1373م)، 1981، الوفيات، تحقيق: صالح مهدى عباس و بشار عواد معروف، مؤسسة الرسالة، بيروت.

- سبط ابن الجوزي: شمس الدين بن ابي المظفر يوسف بن قزاوغلي(ت: 654هـ/ 1256م)، 1952، مرآة الزمان في تأريخ الاعيان، المجلد الثامن، مطبعة مجلس دائرة المعارف العثمانية، حيدر اباد(الهند).

- السبكي: تاج الدين عبد الوهاب بن علي بن عبد الكافي(ت: 771هـ/1369م)، 2004، معجم الشيوخ، تحقيق: بشار عواد و أخرون، دار الغرب الاسلامي، د.م.

- ابن سعيد المغربي: ابو الحسن علي بن موسى(ت:685هـ/1286م)، 1958، الجغرافيا، تطوان.

- الشابشتي: ابي الحسن علي بن محمد(ت: 388هـ/998م)، 1966، الديارات، تحقيق: كوركيس عواد، مكتبة المثنى، بغداد.

- ابن شداد: عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم(ت: 684هـ/ 1285م) ، 1978، الاعلاق الخطيرة في ذكر امراء الشام و الجزيرة، ج3، تاريخ الجزيرة الفراتية، تحقيق: يحيى زكريا عبارة، منشورات وزارة الثقافة والارشاد القومي، دمشق.

- الصفدي: صلاح الدين خليل بن ايبك(ت: 764هـ/1363م)، 1998، اعيان العصر واعوان النصر، تحقيق: علي ابو زيد و أخرون، دار الفكر المعاصر، بيروت.

- الصفدي: صلاح الدين خليل بن ايبك(ت: 764هـ/1363م)، 2000، الوافي بالوفيات، تحقيق: احمد الارناؤوط و تركي مصطفى، دار إحياء الثراث العربي، بيروت.

- الصفدي: صلاح الدين خليل بن ايبك(ت: 764هـ/1363م)، 2007، نكث الهميان في نكت العميان، تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت.

- ابـن الطقطقـي: محمـد بـن علـي بـن محمـد بـن الطباطبـا(ت:709هــ/1309م)، 1960، الفخـري في الاداب السـلطانية والـدول الإسلامية، بيروت.

- عبد الرحمن ابن قنينو الإربلي: عبد الرحمن ابن قنينو الإربلي(ت/717هـ/1317م)، د.ت، خلاصة الذهب المسبوك مختصر من سيرة الملوك، تحقيق: مكي السيد جاسم، مكتبة المثنى، بغداد.

- ابن العماد الحنبلي: ابو الفلاح عبد الحي بن احمد(ت: 1089هـ/1678م)، 1986، شذرات الذهب في اخبار مـن ذهـب، تحقيـق: محمد الارناؤوط، دار ابن كثير، بيروت.

- ابو الفداء الايوبي: الملك المؤيد عماد الدين اسـماعيل بـن محمـد(ت: 732هــ/1231م)، 1840، تقـويم البلـدان، اعتنـى بـه:رينو والبارون ماك كوكين ديسلان، المطبعة السلطانية، باريس.

- ابو الفداء الايوبي: الملك المؤيد عماد الدين اسماعيل بن محمد(ت: 732هـ/1231م)، د.ت، المختصر في اخبار البشر، المطبعة الحسينية المصرية، مصر.

- ابن الفقيه: ابو بكر احمد بن ابراهيم(ت: 290هـ/902م)، 1988، مختصر كتاب البلدان، دار إحياء التراث العربي، ط1، بيروت.

- ابن الفوطي: أبو الفضل عبد الرزاق بـن احمـد(ت: 723هــ/1323م)، 1995، مجمـع الآداب في معجـم الألقـاب،تحقيق: محمـد الكاظم، وزارة الثقافة و الارشاد الاسلامي، ايران.

- القزويني: زكريا بن محمد بن محمود(ت: 682هـ/1283م)، د.ت، اثار البلاد واخبار العباد، دار صادر، بيروت.

- القلقشندي: احمد بن علي بن احمد(ت: 821هـ/1418م)، 2009، صبح الاعشى في صناعة الانشاء، دار الكتب العلمية، بيروت.

- ابن كثير: ابو الفداء اسماعيل بن عمر(ت: 774هـ/ 1372م)، 1997، البداية والنهاية، تحقيق: عبدالله بن عبد المحسن التركي، دار هجر للطباعة والنشر، د.م.

- ابن ماجة: ابو عبدالله محمد بن يزيد القزويني(ت: 273هـ/887م)، 2009، سنن ابن ماجـة، تحقيـق: محمـد فـؤاد عبـدالباقي، دار احياء الكتب العربية، القاهرة.

- المقدسي: ابو عبدالله محمد بن احمد البشاري(ت: 387هـ/ 997م)، 2003، احسن التقاسيم في معرفة الاقاليم، وضع حواشـيه: محمد امين الضناوي، دار الكتب العلمية، بيروت.

- المقريزي: تقي الدين ابي العباس احمد بن علي(ت: 845هـ/ 1441م)، 1997، المواعظ و الاعتبار بذكر الخطط و الاثار المعـروف بالخطط المقريزية، دار الكتب العلمية، بيروت.

- ابن النديم: ابو الفرج محمد بن ابي يعقوب اسحق(ت: 383هـ/993م)،2002، الفهرست، ضـبطه و شرحـه و علـق عليـه: يوسـف علي طويل، وضع فهارسته: احمد شمس الدين، دار الكتب العلمية، ط2، بيروت.

- النعيمي: عبد القادر بن محمد الدمشقي(ت: 927هـ/1520م)، 1990، الدارس في تأريخ المدارس، تحقيق: ابراهيم شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت.

- الهمذاني: رشيد الدين فضل الله الهمذاني(ت: 718هـ/1318م)، د.ت، جامع التواريخ، ترجمة: محمـد صـادق نشـأة و فـؤاد عبـد المعطي الصياد، دار إحياء الكتب العربية، مصر.

- ياقوت الحموي: شهاب الدين عبدالله الرومي(ت: 626هـ/1228م)،1995، معجم البلدان، دار صادر، بيروت.

- ياقوت الحموي: شهاب الدين عبدالله الرومي(ت: 626هـ/1228م)، 1846، المشترك وضـعا و المفـترق صـقعا، كـوتنكن، اعـادت طبعه بالاوفيست مكتبة مثنى بغداد.

- ابو يعلى الموصلي: احمد بن علي بن المثنى(ت:307هـ/919م)، 1984، مسند ابي يعلى، تحقيق: حسين سليم آسد، دار المـأمون للتراث، دمشق.

**دووەم/ سەرچاوە ڕەسەنەکان بە زمانی کوردی**

- ئەوليا چەلەبى: مستەفا كورى عبداللـه(م: 1068ك/ 1657ز)، 1987، سـياحەتنامەى ئەوليـا چەلەبـى، وەرگێرانـى: سـەعيد ناكـام، مطبعة اشبليه الحديثة، چ2، بەغدا.

**سێیەم/ ژێدەرەکان بە زمانی عەرەبی**

- احمد، عبد الرزاق احمد، 1991، الحضارة الاسلامية في العصور الوسطى، دار الفكر العربي، القاهرة.
- احمد، عبد الرزاق احمد، 1999، المرأة في العصر المملوكية، الهيئة المصرية العامة للكتاب، القاهرة.

- أحمد، فكري احمد، 1997، موسوعة المصطلحات جامع العلوم، تحقيق: رفيق العجم واخرون، مكتبة لبنان، بيروت.

- الأوتاني، احمد الأوتاني، 2007، دمشق في العصر الايوبي دراسة سياسية، اقتصـادية، اجتماعيـة، ثقافيـة، تقـديم: سـهيل زكـار، مكتبة التكوين، دمشق.

- إيست، جوردون، د.ت، الجغرافيا توجه التأريخ، ترجمة: جمال الدين الدناصوري، دار الهلال، القاهرة.

- حسن، قادر محمد، 2009، اسهامات الكرد في الحضارة الاسلامية دراسة عن دور الكـرد الحضـاري في مصرـ وبـلاد الشـام خـلال عهد المماليك البحرية(64_784هـ/1250_1382م)، دار سبيرز للطباعة والنشر، دهوك.

- حمادي، جاسم محمد، 1977، الجزيرة الفراتية و الموصل دراسة في التـاريخ السـياسي و الحضـاري(127_318هــ/744_833م)، بغداد.

- الخلف، جاسم محمد، 1965، جغرافية العراق الطبيعية و الاقتصادية و البشرية، القاهرة.

- الدوري، عبدالعزيز عبدالكريم، 1999، تـاريخ العـراق الأقتصـادي في القـرن الرابـع الهجـري، مركـز دراسـات الوحـدة العربيـة، بيروت.

- ديوه جي، سعيد ديوه جي، 1970، اعلام الصناع المواصلة، مطبعة الجمهور، الموصل.

- رحال، عاطف رحال، 2000، تاريخ بلاد الشام الاقتصادي في العصر الاموي، مكتبة بيسان للنشر و التوزيع و الاعلام، بيروت.

- السبعاوي، حنان عبدالخالق علي ، 2018، ابن النمش(ت: 620هـ/1223م)تراجم موصلية فى كتاب تأريخ دنيسر، مركـز دراسـات الموصل، جامعة الموصل، العدد/49.

- الصويركي، محمد علي،2006، معجـم اعـلام الكـرد في التـأريخ الاسـلامي و العصرـ الحـديث في كردسـتان و خارجهـا، مطبعـة مؤسسة حمدي للطبع والنشر، السليمانية.

- عبد الرحمن، حكمت نجيب،1977، دراسات في تاريخ العلوم عند العرب، مؤسسة دار الكتب للطباعة و النشر، الموصل.

- عمر، احمد مختار، 2008، معجم الصواب اللغوي دليل المثقف العربي، عالم الكتب، القاهرة.

- الكعبي، عبد الحكيم الكعبي، 2009، الجزيرة الفراتية وديارهـا العربيـة( ديـاربكر، ديـار مضرـ، ديـار ربيعـة) دراسـة في التـاريخ الديني و السياسي والاجتماعي، دار صفحات للدراسات والنشر، دمشق.

- محمد، سوادي عبد محمد، 1989، الاحوال الاجتماعية و الاقتصادية في بلاد الجزيرة الفراتية خلال القرن السادس الهجري/ الثاني عشر الميلادي، وزارة الثقافة و الاعلام، بغداد.

- محمد، اكو برهان، 2019، إسهامات الملوك و العلماء الكرد فى الحياة الثقافية في العصر الوسيط، مطبعة الثقافة، ط1، اربيل.

- محمد، اكو برهان، 2023، دياربكر دراسة في أوضاعها الإقتصادية خلال العصر العباسي، مديرية الاعلام و الطباعة و النشر، اربيل.

- المدرس، عبدالكريم محمد،1983، علماؤنا في خدمة العلم و الدين، عني بنشره: محمد علي القرداغي، المكتبة الوطنية، بغداد.

- مصطفى، شاكر مصطفى، 1988، المدن في الاسلام حتى العصر العثماني، مكتبة ذات السلاسل للطباعة و النشر والتوزيع، الكويت.

- مينورسكى، فلادمير مينورسكي،1968، الاكراد ملاحظات و الانطباعات، ترجمة: معروف خزندار، مطبعة النجوم، بغداد.

- الهسنياني، صالح شيخو، 2012، علماء الكورد و كوردستان ق1_14هـ/ 7_20م، مطبعة هوار، دهوك.

**چوارەم/ ژێدەرەکان بە زمانی کوردی**

- تۆفیق، زرار صدیق،2020، کوردو کوردستان لە رۆژگاری خیلافەتی ئیسلامی(16_565ك/637_1258ز)، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، تاران.

- دەباغ، فەیسەڵ دەباغ،2001، ئینسکلۆپیدیای ئابوری، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

- رسول، ئیبراهیم رسول ،2013، کاریگەرییەکانی لەشکرکێشی هێزە بیانیەکان بۆ سەر کوردستان(4_8ك/10_14ز)، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

**پێنجەم/ گۆڤارەکان بە زمانی عەرەبی**

- المصطاف، غزوة شهاب احمد، 2020، الأهمية الاقتصادية لإقليم الجزيرة الفراتية خلال العصور الاسلامية، جامعة سامراء/ كلية التربية، مجلة الجامعة العراقية.

**پاشكۆى ژمارە (1)/ خشتەی خستنەڕووی دیارترین بازرگانە کوردەکانی هەرێمی جەزیرە لە سەدەی 8ك/14ز**

| ژ | ناوی بازرگان | شار | لە دایکبوون | مردن |
|---|---|---|---|---|
| 1 | عبد الغنی کوری حسێن کوری یحیی | جەزیرەی بۆتان | دیار نیە | (702ك/1302ز) |
| 2 | محمد کوری عبدالرحمن کوری اسماعیل | جەزیرەی کوردان | دیار نیە | (702ك/1302ز) |
| 3 | تقی الدین احمد کوری محمد کوری ابو العز | حەران | (633ك/1235ز) | (709ك/ 1309ز) |
| 4 | شمس الدین کوری حاجی سیف کوری اسماعیل | حەران | (672ك/1273ز) | (709ك/ 1309ز) |
| 5 | علی کوری احمد کوری یوسف کوری | ئامەد | دیار نیە | دوای(712ك/1312ز) |
| 6 | عبدالرزاق کوری شهاب الدین کوری صالح | دنیسر(قوج حصار) | دیار نیە | (716ك/1316ز) |
| 7 | ابو القاسم محمد کوری خالید کوری ابراهیم | حەران | (650ك/1252ز) | (717ك/1317ز) |
| 8 | عبدالرحمن کوری ابراهیم کوری قنینوا الاربلی | هەولێر | 638ك/1240ز) | (717ك/1317ز) |
| 9 | محمد کوری شێخ عبدالمؤمن کوری حسن کوری یونیس | نصیبین | (656ك/1258ز) | (718ك/1318ز) |
| 10 | علاء الدین علی کوری محمد کوری ابو بکر کوری قاسم الاربلی | هەولێر | (647ك/1249ز) | (719ك/1319ز) |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 11 | عبـدالرحمن كـوری احمـد كـوری ابـو العـز كـوری عبیدی | حەران | دیار نیە | (728ك/1327ز) |
| 12 | عـلاء الـدین علـی كـوری اسـماعیل كـوری محمـود سنجاریە | شنگال | دیار نیە | (735ك/1334ز) |
| 13 | محمد كوری اسماعیل كوری حمادی | حەران | دیار نیە | (734ك/ 1333ز) |
| 14 | محمد كوری نصرالله كوری عوسمان | جەزیرەی بۆتان | (668ك/1269ز) | (742ك/1341ز) |
| 15 | شمس الدین محمد كوری مكی كوری ابو الثناء | دنیسر | دیار نیە | (757ك/1356ز) |
| 16 | ابو بكر كوری محمد كوری احمد كوری محمد | حەران | دیار نیە | (770ك/1368ز) |
| 17 | عوسمان كوری ئەیوب الاسعردی | اسعرد(سیرت) | دیار نیە | (783ك/1381) |

## پاشكۆی ژمارە(2)/خشتەی خستنەڕووی پیشەوەرە دیارە كوردەكانی هەرێمی جەیرە لە سەدەی 8ك/14ز

| ژ | ناوی پیشەوەر | شار | لە دایكبوون | مردن | پیشە |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | مجدالدین ابـو طـاهر ابـراهیم كـوری محمد كوری عبدالله | الاسعرد | دیار نیە | (706ك/1306ز) | دروستكردنی داو دەرمان |
| 2 | خێزانی(مجـد الـدین اسـماعیل كـوری حماد ) | حەران | دیار نیە | (711ك/1311ز) | دروسـتكردنی مەی گیـراوە سەرخۆشكەرەكان |
| 3 | علاء الدین علـی كـوری محمـد كـوری ابو بكر كوری قاسم الاربلی | هەولێر | دیار نیە | (719ك/1319ز)، | دروسـتكردنی مەی گیـراوە سەرخۆشكەرەكان |
| 4 | عبد الاحـد كـوری ابـو القاسـم كـوری عبد الغنی | حەران | دیار نیە | (712ك/1312ز) | دروســـــتكردنی چەك و پێداویستی شەڕكردن |
| 5 | شهاب الدین احمد كوری محمد كوری صیلانی | حەران | دیار نیە | (71 ك/1313ز) | دروســـــتكردنی چەك و پێداویستی شەڕكردن |
| 6 | حـاجی ابـراهیم كـوری علـی كـوری سلامەی | حەران | دیار نیە | (714ك/ 1314ز) | دروستكردنی بـۆن و بەرام و گوڵاو |
| 7 | حاجی ابوبكر كوری محمد كـوری ابـی الورد | دنیسر | دیار نیە | (736ك/1335ز) | دروستكردنی بـۆن و بەرام و گوڵاو (عەتاری) |
| 8 | احمد كوری محمد كوری علی | دنیسر | (746ك/1345) | (794ك/1392ز) | عەتاری |
| 9 | محمد كوری یحیی كـوری بـدر كـوری محمد كوری یعیش | جەزیـــرەی بۆتان | (654ك/1256ز) | (708ك/1308ز) | ڕستن و چنین |
| 10 | شمس الدین محمد كوری عز الدین | حەران | (646ك/ 1248ز) | (718ك/1318ز) | ڕستن و چنین |
| 11 | عبـدالرحمن كـوری احمـد كـوری ابـو العز كوری عبید | حەران | دیار نیە | (727ك/1326ز) | ڕستن و چنین |
| 12 | شمس الدین محمد كوری عبـد الملك كوری حاجی محمد كوری خالید | حەران | (656ك/1258ز) | (716ك/1316ز) | پۆشاك دوور |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 13 | عائیشه کچی محمد کوری موسلیمی | حەران | (648ك/1250ز) | (736ك/1335ز) | پۆشاك دوور |
| 14 | ابو علی حسن کوری عمر کوری عیسی | هەرێمـــی جەزیره | دیار نیه | (720ك/1230ز) | فرۆشتنی پەراو |
| 15 | ابراهیم کوری محمد کوری ابراهیم | ماردین | دیار نیه | (738ك/1337ز) | لەبەرگرتنەوەی کتێب |
| 16 | ابو الحسن علی کوری عمر کوری عبد الرحیم کوری بەدر | جەزیـــرەی بۆتان | (700ك/1300ز) | (789ك/1387ز) | لەبەرگرتنەوەی کتێب |
| 14 | عبدالله کوری یوسف کوری ئەبو بکر | الاسعرد | دیار نیه | (734ك/1333ز) | دروستکردنی ئەستورلاب |
| 15 | شـمس الـدین محمـد کـوری یوسـف کوری عبدالله | جەزیـــرەی کوردان | (637ك/1239ز) | (711ك/1311ز) | گۆڕینەوەی دراو |
| 16 | سیف الدین ابو بکر کوری نمیرانی | حەران | دیار نیه | (726ك/1325ز) | گۆڕینەوەی دراو |
| 17 | عبدالرحمن کوری جمال الدین الاربلی | هەولێر | دیار نیه | (719ك/1319ز) | دروستکردنی شیرینەمەنی |

**أبرز التجار و الحرفيين الكرد في إقليم الجزيرة في القرن الثامن الهجري/ الرابع عشر الميلادي**

**محسن مامل محمد**
قسم التاريخ، كلية الاداب،جامعة صلاح الدين-أربيل،
أربيل،أقليم كوردستان ،العراق.
muhsin.muhammad@su.edu.krd

**الملخص**

الإقطاعات الاقتصادية كالنشاط التجاري والأعمال الحرفية تعد إحدى أهم أعمدة نشوء الدولة و تطورها ومؤشر على الاستقرار وديمومة الحياة في المجتمع.  من هذا المنطلق نجد أن إقليم الجزيرة كإحدى الأقاليم البارزة في العصر الإسلامي لها العديد من السمات الخاصة التي تميزها عن الأقاليم الاخرى، وفي مقدمتها موقعها الجغرافي مما انعكست على تطور النشاطات الاقتصادية ومن ضمنها النشاط التجاري فضلا عن غناها بالموارد الطبيعية والبشرية مما أثر وبشكل فعال على التجارة وظهور العديد من الشخصيات الكردية الذين عرفوا بممارستهم للتجارة حتى برزوا فيها، كذلك ظهور العديد من الحرفيين وفي شتى المجالات كصناع الأدوية والأسلحة والآلات القتالية والمشروبات والخمور والعطارة و النسيج والخياطة والصيرفة و ناسخ الكتب وصناعة الاصطرلاب والصناعات الأخرى، ومن خلال ذلك خدموا المجتمع الانساني داخل الحضارة الاسلامية وذاع صيتهم في الآفاق.

**الكلمات المفتاحيية :** التاجر، الحرفيين، إقليم الجزيرة، النشاط التجاري، الحرف والصناعات المختلفة.

**The Most Prominent Kurdish Merchants and Craftsmen in Al-Jazeera Region in The Eight Century AH/ Fourteenth Century AD**

**Muhsin Mamel Muhammad**
Department of History, Collage of Arts,
Salahaddin University-Erbil,Erbil,Kurdistan
Region,Iraq.
muhsin.muhammad@su.edu.krd

**Abstract**

There is no doubt that economic feudalism, such as commercial activity and craft work, are one of the most important pillars of the emergence and development of the state and an indicator of stability and continuity of life in society.  From this standpoint, we find that the Al-Jazeera region, as one of the prominent regions in the Islamic era, has many special features that distinguish it from other region, foremost of which is its geographical location, which was reflected in the development of economic activities, including commercial activity, as well as its richness in natural and human resources, which had an effectively affected trade. The emergence of many Kurdish personalities who were for their practice of trade until thy became prominent in it, as well as the emergence of many craftsmen in various fields such as makers of medicine, weapons, combat machinery, beverages, wines, perfumery, weaving, tailoring, banking, book transcriber, astrolabe making, and other industries, through this, they served the human community within Islamic civilization and became famous throughout the world prospects.

**Key words**: merchant, craftsmen, Al-Jazeera region, commercial activity, various crafts and industries.